

# خەونە ڕاستییەکان

حوسێن نادر

# خەونە

# ڕاستییەکان

حوسێن نادر (حسو)

2018

ناوی کتێب: خەونە ڕاستییەکان
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: حوسێن نادر (حسو)
دیزایینی بەرگ: بەرەکات قرتاس
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 4000 دینار
ژمارەی سپاردن:
نۆرەی چاپ: یەکەم 2018

لە بەڕێوابەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (1804) ساڵی (2018)ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

سوپاس بۆ...

هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەرم بوون لە نووسینی ئەم رۆمانەدا.

چ شــتێک وای لە مــن دەکــرد بەرەو دەریــای خەیاڵەکــان بچــم؟! بێگومــان چیرۆکەکــانی بــاوکم، بەڵام بــۆچی مــن؟! بــۆچی لەنێــوان خوشــکە گەورەکەم و بــرا بچوکەکەمــدا، بــاوکم منــی هەڵبژاردبــوو؟! هەمیشــە حەزم دەکــرد ئەم مەســەلەیەم بــۆ ڕوون ببێــتەوە، بەڵام بــاوکم هــیچ کــات ڕازی نەبــوو، کە ئەم نهێنییــیەم بــۆ ئاشــکرا بکــات، چــونکە پــێش لە دایــک بــوونم، بــاوکم دەیویســت نــاو لە مــن بنێــت هــامون، بەڵام دایکــم ســور بــوو لەســەر ئەم مەســەلەیە، مــن حەزم دەکــرد بــزانم بــاوکم بــۆچی نــاوی هــامونی بــۆ مــن هەڵبژاردبوو وە دواتر پەشیمان بووە؟

بەڵام بـــاوکم دەیویســـت لە کـــاتی خۆیـــدا ئەم مەســـەلەیەم بـــۆ ئاشـــکرا بکـــات، چـــونکە بـــاوکم حەزی دەکـــرد زیـــاتر بـــزانم لەســـەر ئەو چیرۆکـــانەی کە بــــۆ منـــــی دەخوێنـــــدەوە، هەروەهـــــا گێڕانەوەکـــــانی بـــــاوکم زۆر سەرنجڕاکێشـــبوون، وەک ئەوە وابـــوو کە خـــۆت لەنـــاو چیرۆکەکانـــدا بیـــت، وشـــەکانی بـــاوکم تـــام و بـــۆنێکی تایبەتیـــان هەبـــوو، ئەوەش بـــا لەبیـــر نەکەم، هەمیشـــە دەنگـــی زریـــکە زریکـــی کورســـییەکەی بـــاوکم منـــی بێـــزار دەکـــرد، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئەمە خـــۆی بەهـــانەیەکی تـــری نووســـتنەکانم بـــــوو، بەڵام ئەم هەمـــــوو چیرۆکـــــانە لە کوێـــــوە دەردەکەوتـــــن؟ ئەم چیرۆکـــانەی بـــاوکم هەموویـــان لەنێـــو کتێبێکـــدا بـــوون، ئەم کتێـــبەش لەنـــاو سندوقێکدا بـــوو، بـــێجگە لە بـــاوکم کەس بـــۆی نەبـــوو ســـندوقەکە بکـــاتەوە، ســـندوقەکە، ســـندوقێکی کـــۆن بـــوو، کە لە دار "مـــازوو" دروســـتکرابوو، چـــوار دەورەی ســـــندوقەکە بە خەتێکـــــی ســـــوور نەخشـــــێنرابوو، مـــــن هـــــیچ کـــــات ســـەرپێچیم لە یاســـاکانی باوکمـــدا نەکردبـــوو، بەڵام ئەو شـــەوە خـــۆم پـــێ ڕانەگیـــرا، دواتـــر خـــۆم ئامـــادەکرد بـــۆ کـــردنەوەی ســـندوقەکە، چـــونکە شـــەوەکە بـــاوکم لە ســـەفەردابوو، پێنەدەچـــوو بگەڕێـــتەوە، هەروەهـــا شـــار کەش و هەوایەکـــی بارانـــاوی هەبـــوو، مـــرۆڤ حەزی دەکـــرد چیرۆکێکـــی دوورو و درێـــژ بخـــوێنێتەوە، منـــیش خـــۆم لە ســـندوقەکە نزیـــک کـــردەوە، بەڵام  وام هەســـت دەکـــرد کە ســـندوقەکە خەریـــکە لـــێم دوور دەکەوێـــتەوە! کەمێـــک ترســـام، دواتـــر خـــۆم گەیانـــدە ســـندوقەکە، کە نزیکبـــوومەوە،

شتێک بە منی دەگووت کە دەرهێنانی کتێبەکە کارێکی دروست نییە، بەڵام سندوقەکەم کردەوە! کە سەیری کتێبەکەم کرد کۆن دیاربوو، پێدەچوو تەمەنی لە تەمەنی من گەورەتر بووبێت، یەک بە یەک سەیری لاپەڕەکانی کتێبەکەم کرد، هەروەها بۆنی مردن لە لاپەڕەکانی بەرز دەبووەوە، هەموویان هەر ئەو چیرۆکانەبوون کە باوکم بۆ منی گێرابووەوە، تەنیا یەک چیرۆک نەبێت! ئەویش چیرۆکی هامون بوو! دەمویست بزانم ئەو هامونە چییە؟ و کێیە؟ دەبێت ئەوە هەر ئەو هامونە بێت کە سەرنجی باوکمی ڕاکێشابوو؟

با بگەڕێمەوە سەر باسی چیرۆکەکە، من هیچ کات نەمتوانی ئەم چیرۆکە لەبیر بکەم! نەک من تەنانەت هیچ کەسێک ناتوانێت لە بیری بکات و لێی بێزار بێت، چونکە ئەم چیرۆکە باسی نەهامەتییەکان و دەربەدەرییەکانی چەند کەسێک دەکات، کە ئەم نەهامەتی و دەربەدەریانە وایکرد، یەکێک لەو کەسانە ببێتە کەسێکی یاخی و سەرکێش. چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستپێکرابوو << هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕێگری لە سەرکردەی نازییەکان بکات، بەشێوەیەکی درندانە هەموو شتێکی لەناو دەبرد، لەلای ئەو تەنیا نەتەوەی ژێرمەن(Germans) گرنگی هەبوو و مرۆڤەکانی تری بە چاوی نەتەوەی ژێر دەست سەیر دەکرد بەتایبەت جولەکەکان، هەر بۆیە هەستا بە دەرکردنی چەند یاسایەک دژی ئەوان، لەو کاتەدا هێزێکی

نهێنـی پۆلیسـی هەبـوو بەنـاوی "گێشـتاپۆ" ئەم هێـزە یەکێـک لە تونـدترین هێزەکـــانی نازییەکـــان بـــوو، کە بە نهێنـــی کارییـــان دەکـــرد، ئەم هێـــزە هەســـتا بە دۆزیـــنەوە و گرتنـــی جولەکەکـــان و ناردنیـــان بـــوو (کـــورەی ســـۆتاندنی مـــرۆڤ) هەروەهـــا کـــۆکردنەوە و لەنـــاو بردنـــی زۆربەی ئەو کتێبانەی کە نووسەرەکانییان جولەکە بوون.

ئەو ڕوژە بـــوو کە هـــامون لەنێـــو دوکەڵ و باروتـــدا لە دایـــک دەبێـــت، کە چاوەکـــانی دەکـــاتەوە، یەکەمـین شـت کە دەیبینێـت خـوێنە، یەکەمـین دەنـگ کە دەیبیســـتێ دەنگـــی گـــولە و هـــاواری ســـەربازە برینـــدارەکان و خەڵکـــی بێگونـــاهە، ئەمە ئەو ڕۆژانەیە کە جەنـــگ بـــاڵی کێشـــاوە بەســـەر دونیـــادا.

لەم جەنـــگە خۆێنـــاوییەدا، بـــۆنی مـــرۆڤە مردووەکـــان و خـــوێن پـــڕ ببـــوو لەنێـــو کوڵانەکـــان و شـــەقامەکانی شـــارەکاندا، هـــامون لە خێزانێکـــی جـــولەکە لەدایـــک دەبێـــت، لە ڕۆژی چوارشـــەمە ئەم ڕۆژە بەلای خێـــزانییەوە ڕۆژێکـــی پیـــرۆز بـــوو، بەڵام لە خراپـــی شانســـی هـــامون، ئەو ڕۆژگـــارە ڕۆژگـــارێکی ڕەش بـــوو، چـــونکە خەلکێکـــی زۆر دەکـــوژرێن و ئـــاوارە و بـــێ سەرو شوێن دەکرێن، باوکی هامون ڕوو دەکاتە هامون و پێی دەڵێت:

(کـــوڕم ئەونـــدەی لە یـــادمە ژیـــان هەمـــووی جەنـــگە، ئەم جەنگـــانە تەواو نـــابن... هەمـــوو جەنگەکـــان یـــان لەســـەر دیـــنە یـــان لەســـەر پـــارەیە یـــان لەسەر نـاموسە).

ئەمە قسەکانی باوکی بوون، کە لە بن گوێیەکانی دەی چرپاند، ئەو کاتە بوو کە هامون هاواری کرد: (من لە شوێنێکم، کە نامەوێت لەوێ بم...).

بەڵام کەس لە زمانی قسەکردنی هامون تێنەدەگەیشت، تەنیا خۆی نەبێت، دوای چەند کاتژمێرێک، دایکی هامون بە خەم و پەژارەوە بە باوکی دەڵێت:

- من بێ ئومێد نیم لە ژیان و ناتوانم سەرپێچی لە یاساکانی خوا بکەم، بۆ ئەو دیارییەی کە بە ئێمەی داوە، بەڵام حەزم دەکرد منداڵەکەمان کچ بێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا تووشی جەنگ نەبێت، خۆت دەبینی کە ئەم خەڵکە لە پێناو چی دەمرن ؟!

- بەڵێ ئازیزەکەم دەبینم... بەڵام دەبێت خۆڕاگربین، هەروەها من بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند ڕۆژێکی تر ئێرە بەجێبهێڵین، بۆ ئەم مەبەستەش کەمێک پارەم کۆکردوتەوە کە بچین بۆ شوێنێکی تر، حەز دەکەم لەم دۆزەخە دەربچین، بەڵام دوژمن هەر چوار دەوری ئێمەیان داگیر کردووە، دەبێت ڕێگایەک بدۆزینەوە...

دوای چەند ڕۆژێک، باوکی هامون لە شارێکی تر کە خەڵکەکەی زیاتر کاتولیک بوون خانوویەک دەکرێت، بۆ ئەوەی خەڵک گرفتیان بۆ دروست نەکەن، دایک و باوکی هامون بە دراوسێکانیان دەڵێن کە ئەوانیش کاتولیکن، چونکە لەو شارەدا هەر کەسێک کە جولەکە با، کێشەی بۆ

**دروســـت دەکـــرا، هەروەهـــا خەڵـــکەکە بە چـــاوێکی کەم ســـەیریان دەکـــرد و شتومەکەکان سێ بەرامبەر بە ئەوان دەفرۆشران.**

❊ ❊ ❊

چەنـد سـاڵێک تێـدەپەڕێت و هـامون دەچێـت بـۆ قوتابخـانە، ئەو ئێسـتا لە قوتابخـانەی (عەدەن)ی تـێکەڵاو دەخوێنێـت، لە قوتابخـانە شـتێکی وا فێـر نەدەبـوو کە سـوودی لـێ وەربگرێـت، بەڵام بـاوکی دەی ووت: (کـوڕم بـڕۆ قوتابخـانە، بـۆ ئەوەی لە ئاینـدە ببـی بە کەسـێکی سـەر بەرز).
ئێسـتا هـامون لە تەمەنـی شـەش سـاڵیدایە و دەتوانێـت گفتوگـۆ و یـاری لەگەڵ منـداڵانی دراوسـێدا بکـات. یەکێـک لە منـداڵە دراوسـێکانیان کە هـامون زۆربەی کاتەکـانی لەگەڵ ئەودا بەسـەر دەبـرد و زۆر ئەوی خـۆش دەویسـت نـاوی (نیکـۆ) بـوو. نیکـۆ ڕۆژانە دوای تەواو بـوونی زەنگـی قوتابخـانە، بەدوای هـامونەوە دەچـوو تـاکو بچـن بـۆ یـاری کـردن، ڕۆژێـک پـێکەوە دەچوون بـۆ بـازاڕ، لە ڕێگـادا هـامون باسـی خـۆی بـۆ نیکـۆ دەکـرد لە کاتی نوستنی شەوانەدا:

هـامون: مـن شـەوانە خەونـی زۆر ترسـناک دەبینـم، پێناچێـت خەونەکـانم ئاسایی بن، وەک خەونەکانی خەڵک.

نیکـۆ: هەموومـان خەون دەبینـین، منـیش جـار بە جـار خەونـی زۆر ترسـناک دەبینـم. جـاری وا هەیـە بەیـانی کە هەڵدەسـتمەوە بێجـامەکەم تەڕبووە، ها ها ها...

هـامون دەیویسـت قسـەی زیـاتر بکـات لەسـەر خەونەکـانی، چـونکە بەڕاسـتی خەونەکـانی جێگـای گۆمـان بـوون، بەڵام لە ڕێگـادا یەکێـک لە هاوپۆلەکەیـان کە نـاوی "ویلیـام"ە دەبینـن، کە بە ویلـی ناسـرابوو، کە

نزیـک دەبێــتەوە لە هــامون و نیکـۆ، قســەکانی هــامون دەبڕێـت و پێیــان دەڵێــت کە ئەویــش دەیەوێــت لەگەڵیــان بچێــتە بــازار و پیاســەیەکی لەگەڵیــان بکــات، لە ڕاســتیدا ئەمە پــێچەوانەی حەزی هــامون بــوو، چــونکە هــامون نەیدەویســت ئەو لەگەڵیانــدا بچێـت، بەڵام نیکـۆ زیــاتر کــوڕەکەی دەناســی و حەزی دەکــرد ئەویــش لەگەڵ خۆیــان ببــات، هاوپولەکەیــان کەســێکی سەرشــێت بــوو، زۆربەی منــداڵانی گەرەک لەگەڵ ئەودا یاریــان نەدەکــرد و هەندێکیشــیان لێــی دەترســان، بەڵام نیکــۆ ســاڵێک لێــی گەورەتــر بــوو و توانــایی ڕووبەڕوو بــونەوەی ئەوی هەبــوو. دواتــر ئەوان دەچـن بـۆ بینینـی دوکـانە پاسـکیل فرۆشـەکانی نێـو بـازاڕ، هــامون زۆر حەزی دەکــرد پاســکیلێکی هەبێــت، بەڵام بــاوکی دەی ووت: (کاتێــک وەرزی قوتابخــانە تەواو بێــت، ئەو کــات دەتــوانم بــۆت بکــڕم)، بەڵام نیکـۆ خەیـاڵی لەلایەکـی تـر بـوو، هاوپولەکەشـیان دەیویسـت بچێـت بـۆ بینینـی جلـی ژێـرەوەی کچـانە، بەڵام نیکـۆ بە هاوڕێیەکـانی دەڵێـت کە حەز دەکــات بگەڕێــتەوە بــۆ مــاڵ، چــونکە هەســتێکی ناخۆشــی هەبــوو، لەبەر ئەوەش دوای چەنــد خــولەک بەرەو مـــاڵەوە دەڕۆن، لە ڕێگـــادا هاوپولەکەیــان دەچێـتە نزیـک میـوە فرۆشـێک و سـێوێک دەدزێـت، کە میـوە فرۆشــەکە ئەم دیــمەنە دەبینێــت یەکســەر بە دوایــدا ڕادەکــات، نیکــۆ و هــامونیش لە ترســان ڕادەکەن و لە کــاتی ڕاکــردن لە یەکتــر وون دەبــن، دوای کاتژمێرێـک نیکـۆ و هـامون لە یاریگـا کـۆنەکەی نزیـک مـاڵی خویـان

کە لەبەر جەنگ کەس یاری لەناوەوەی ناکات، یەکتری دەدۆزنەوە. هەردووکیان زۆر ترساون و حەز ناکەن بگەڕێنەوە بۆ ماڵ، تا درەنگانی شەو لە پاریگا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی هامون بە نیکۆ دەڵێت:

- هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ماڵ، جا چ ئێستا بێت یان بەیانی، دڵنیام ویلیش ئێستا لە ماڵەوەیە، باشترە ئێمەش بگەڕێینەوە.

نیکۆش کە هێشتا ترس لە گیانیدا ماوە ڕوو لە هامون دەکات و دەڵێت:

- بەڵێ، ڕاستە، کەواتە بابڕۆین...

کە نزیک دەبنەوە لە گەڕەک، دەبینن دوو ئوتومبێلی سەربازی و خەڵکێکی زۆر لە گەڕەکدا کۆبوونەتەوە، هامون ترس لە گیانی دەنیشێت، یەکسەر دەیەوێت بچێتە ماڵەوە و لە دایکی بپرسێت کە ئەم هەموو خەڵکە بۆچی لە گەڕەکدا ئامادەبوونە؟! هامون کە دەگاتە بەر دەرگا و دایکی دەبینێت، دایکی لێی نزیک دەبێتەوە و یەکسەر لە باوەشی دەکات، چونکە ترس بە لای ئەویشدا ڕویشتبوو، چونکە ئەو تەنیا منداڵی ئەوان بوو، کاتێک هامون بە سەرسوڕمانەوە لە دایکی پرسیار دەکات، چی ڕوویداوە؟! باوکی کە لەسەر کۆرسی دانیشت بوو، بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە، بەهامون دەڵێت:

(ئەم خەڵکە، لە پێناو مردنی هاوپۆلەکەتانەوە لەم کۆڵانەدا ئامادەبوونە، کە ئەمڕۆ لە دوای دزینی سێوێک، پۆلیس بەدوای ئەودا

ڕایکـــردووە و ئەویـــش ترســـاوە، لە ڕاکـــردن بەردەوام بـــووە، پۆلیســـیش بە یەک فیشـــەکی لە پشتەســـەری ئەودا، تەواوی کـــردووە. وایـــان زانیـــوە کە دزێکی جولەکەیە).

هـامون نێـو چـاوانی گـرژ دەبێـت و یەکسـەر دەسـت بە گریـان دەکـات، و بە خەم و پەژارەوە دەچێـــتە ژوورەکەی، شـــەو هـــامون خەوی لێناکەوێـــت لە ترسـان تـا بەیـانی، بەیـانی کە دادێـت، هـامون و نیکـۆ لە کڵێسـا یەکتـر دەبینـــنەوە، بـــاس لە ڕووداوەکەی دوێنـــێ بـــۆ یەکتـــر دەکەن، ئاشـــکرابوو کە دایـک و بـاوکی نیکـۆ ڕووداوەکەیـانی بـۆ گێڕابـووە، بـۆیە نیکـۆ بە هـامون دەڵێت:

- بە ڕاستی من زۆر ترسا بووم، من نەمدەویست ئەم ڕووداوە ڕوو...

هامون قسەکانی لێ دەبڕێت و دەڵێت:

- ئەمە هەڵەی تـــۆ نەبـــوو، هەڵەی خـــۆی بـــوو، کەواتە خـــۆت تاوانبـــار مەکە.

لە دوای ئەم قسانەی هامون، نیکۆ کەمێک هاتەوە سەرخۆی و ووتی:

- لە ئەمـــڕۆ بەدواوە، مـــن و تـــۆ دەبێـــت ئاگامـــان لە یەکتـــر هەبێـــت و پـێکەوە دەچـین بـۆ بـازاڕ و یـاری لەگەڵ یەکتـر دەکەیـن، حەز نـاکەم کەسێکی تر ببێت بە هاوڕێی ئێمە و ڕووداوێکی ئەوها دووبارە ببێتەوە.

هامون نیمچە زەردەخەنەیەکی دەرخست و ووتی:

- باشە، هاوڕێگیان.

دوای تەواوبــوونی مەراسـیمەکە. هــامون و نیکـۆ پـێکەوە دەچـن بـۆ یاریگــا کــۆنەکە، لەو کــاتەدا هەورەکـــانیش ئامـــادەبوونی خۆیـــان بەدەردەخەن لە بارینی باران، هەردووکیان دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن:

هامون: ئەمشەو دێیت بۆ ماڵی ئێمە؟

نیکۆ: ئممم... نازانم، گەر دایکم ڕێگەم پێ بدات.

پــاش تێپەڕبــوونی چەنــد کاتژمێرێــک بەســەر گفتوگــۆ و یــاریکردن، نیکــۆ بە هامون دەڵێت:

هەورەکــانیش دەســتیان کــرد بە بــاران بــارین، پێویســتە بگەڕێیــنەوە، وەرە پێکەوە تا ماڵەوە ڕابکەین ، بزانم کێ دەباتەوە؟

هامون: باشە بەڵام پێدەچێت من بیبەمەوە...

نیکۆ: دەی ئامادەی؟! یەک، دوو، سێ...

دوای ڕاکردنیــان، هــامون لە ڕاکــردن ســەردەکەوێت بەســەر نیکــۆدا، نیکــۆ هەوایەکی زۆر دەخاتە نێو سییەکانییەوە، و بە هامون دەڵێت:

- مــن... مــن پــێم ســەیرە کە بەم شــێوەیە ڕادەکەی، بەڵام شــەرت بێــت جارێکی تر من بیبەمەوە.

- هیوادارم، بەڵام ئێستا دەبێت بچین، وانەکانمان بخوێنین.

کە نیکــۆ دەگــاتە بەر دەرگــای مــاڵەوە، دەبینێــت پیاوێــک لە ماڵەکەیــان دێــتە دەرەوە، نیکــۆ دەیزانــی کاتێــک بــاوکی لە مــاڵ نیــیە، دایکــی شــەوانە لەگەڵ پیاوە دەوڵەمەندەکانی شار کات بەسەر دەبات.

چـــونکە بـــاوکی نیکـــۆ خـــاوەن کومپانیـــایەکی مەشـــروب (ئەلکهول)بـــوو و ئەویـــش تـــا درەنگـــانی شـــەو لەگەڵ کـــچە جوانەکـــانی شـــار ڕایـــدەبوارد، ئەوان پـــێچەوانەی دایـــک و بـــاوکی هـــامون بـــوون. بـــاوکی هـــامون بەیانیـــان تـــا ئێـــوارە لە دوکـــانێکی بچـــوکی بەرگـــدروون کـــاری دەکـــرد و دایکیشـــی کـــاری جل شۆردنی دەکرد، ئەم دوو خێزانە زۆر لە یەکتر جیاوازبوون.

دوای ســـــاڵێک تێپەربـــــوون لە ژیـــــانی ئەم دوو خێـــــزانەدا. هێشـــــتا پەیوەنـــدییەکانییان وەک خـــۆی مـــاوەتەوە، دەتـــوانین بڵێـــین پتەوتـــر بـــووە لە جـــاران، لەو مـــاوەیەدا خەونەکـــانی هـــامونیش جیـــاوازتر ببـــوون لە جـــاران بـــۆ نمـــوونە شـــەوێک هـــامون لە خەوەکەیـــدا فریشـــتەیێک دەبینێـــت، کە بە ســـەبەتەیەکی پـــڕ لە ئـــارەزوو بە ڕووی ئەودا دەچێـــت، بەڵام هـــامون لە ترســـان ناتوانێـــت هیچیـــان لـــێ هەڵبژێرێـــت، لە دوای ئەو خەونە، ئەو واهەســـت دەکـــات کە هێزێکـــی نادیـــار چـــووەتە نێـــو گیـــانی، وەک ئەوەی بڵـــێن ســـروش(وەحی) بێـــت، بەڵام هـــامون ئەمجارەیـــان نایەوێـــت بـــۆ نیکـــۆ باس بکات، چونکە دەترسێت نیکۆ باوەڕی پێ نەکات.

بەیـــانی کە دادێـــت هـــامون بەرەو قوتابخـــانە دەچێـــت و بێزارییەکـــی تەواوی پێـــوە دیـــار بـــوو، بەڵام نەیـــدەتوانی وەســـفی بێـــزارییەکەی بکـــات، هەســـتی دەکـــرد کە شـــتێکی ناخۆشـــی بەســـەردێت، هـــامون لەقوتابخـــانەدا هیچ شتێک بەڕووی خۆیدا ناهێنێت و تەنیا لەگەڵ نیکۆ گفتوگۆ دەکات.

کاتێـــک ماموســـتا دەســـتی کـــرد بە وانە وتـــنەوە، هـــامونیش پێنوســـەکەی لەدەســـت دەگرێـــت و خەریکـــی وێنەکێشـــان دەبێـــت، دوای کاتژمێرێـــک، کە زەنگـــی قوتابخـــانەکە لێـــدەدرێت، هـــامون لە نیکـــۆ نزیـــک دەبێـــتەوە و بە پەروشـــییەوە پێـــی دەڵێـــت کە حەزدەکـــات بگەڕێـــنەوە بـــۆ مـــاڵ، چـــونکە ناتوانێـــت بەم شـــێوەیە لە قوتابخـــانە بمێنێـــتەوە، نیکـــۆش قبـــوڵ دەکـــات و دەچن بەرەو ماڵەوە.

کە هـــامون دەگەڕێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ نازانێـــت چـــی بکـــات، دوای چەنـــد خولەکێـــک، دەچێـــت کە وانەکـــانی بخوێنێـــت، بەڵام نـــا... ناتوانێـــت، دواتـــر بـــۆ بینینـــی نیکـــۆ دەچێـــت و داوای لـــێ دەکـــات بـــۆ کـــات بەســـەر بـــردن لە مـــاڵەوە بچـــنە دەرەوە، نیکـــۆ کە تەماشـــایەکانی نادڵنیـــایی پێـــوە دیـــاربوو، قبوڵی کرد و ووتی: (دەچین بۆ یاریگایە هەمیشەییەکەمان).

هـــامون و نیکـــۆ تـــا درەنگـــانی شـــەو لە یاریگـــا کـــات بەســـەر دەبەن، هـــامون باســـی (کـــاتژمێر)ەکەی خـــۆی بـــۆ نیکـــۆ دەکـــات، کە بـــاوکی بەبـــۆنەی زیرەکـــی و لێهـــاتووی لە قوتابخـــانەدا، بە دیـــاری بـــۆی هێنـــاوە، بەڵام هـــامون هێشـــتا دایکـــی زیـــاتر خۆشدەویـــست لە بـــاوکی، چـــونکە هەمیشـــە ئەو دایکـــی لە هزر دابوو، نیکۆش دەست دەکات بە گفتوگۆ کردن و دەڵێت:

ئەم یاریگـــایەش پێشـــتر خەڵکێکـــی زۆر ڕوویـــان تێـــدەکرد، بـــۆ بینینـــی یـــاری بەیســـبۆڵ، بەڵام ئێســـتا تەنـــانەت کەس سەیریشـــی ناکـــات، لە ئـــێمە بچێتەدەر.

تــا درەنگــانی شــەو هــامون و نیکــۆ لە یاریگــایەکە دەمێنــنەوە، دواتــر بە گفتوگــۆ کــردن ڕێگــای مــاڵەوە دەگــرنە بەر، ئەوان لە گفتوگــۆ بەردەوام دەبــن، کە لە مــاڵی نیکــۆ نزیــک دەبــنەوە، دەبیــنن کوڵانەکەیــان پــڕ بــووە لە خەڵــک و ســەربازی نــازی، بەڵام ئەمجارەیــان ســەربازانێکی زیــاتر ئامــادە ببــوون، دایکــی نیکــۆ کە لە پــێش دەرگــای ماڵیــانەوە وەســتابوو، یەکســەر دەســتی نیکــۆ و هــامون دەگرێــت و دەیانبــاتە مــاڵەوەی خۆیــان، پاشــان بە پەژارە و ترســێکی زۆرەوە، بە هــامون دەڵێــت کە دایــک و بــاوکی تۆیــان دەســت بەســەر کــردووە، چــونکە پەیوەنــدیان لەگەڵ حزبــی کۆمۆنیســتیدا هەبــووە. ئەو شــەوە هــامون لە مــاڵی نیکــۆ مــایەوە، بەڵام هــامون ئاگــای لەوە نیــیە کە دەربــاری ڕووداوەکە درۆی لەگەڵــدا کــراوە، شــەو دەڕوات و کــاتژمێر نــزیکەی چــواری بەیــانیە، هــامون هێشــتا نەنووســتووە و لە نــاو جێگــادا بیــر لە دایــک و بــاوکی دەکــاتەوە، لەو کــاتەدا گــوێی لە دەنگێــک دەبێــت! بەدوای دەنــگەکەدا دەچێــت و دەبینێــت دایــک و بــاوکی نیکــۆ لەســەر مێــزی نــانخوادن دانیشــتوون و بە هێواشــی لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن:

دایکــی نیکــۆ: پــێم ســەیرە...! ئاســان نیــیە، جــولەکە بیــت و خــۆت بە کاتولیک دا بنێیت.

بــاوکی نیکــۆ: کاتێــک پیاوەکەیــان دەســت بەســەر کــرد، یەکێــک لە هاوڕێیەکــانم کە پــلەداری ســەربازییە، ووتــی دەیــبەن بــۆ (ئاشویســت)[1]، بەڵام ئەوەی هەســتی منــی برینــدار کــرد، ئەوە بــوو کە ژنەکە لەلایەن چەنـد سـەربازێکی نـازییەوە دەسـت درێـژی سێکسـی کرابـووە سـەر، ئەو هەر لە ماڵەکەیــدا گیــانی لەدەســتدا... دیمەنێکــی زۆر تراژیــدیایی بــوو بەڕاستی...

دایکـی نیکـۆ: مـن نـازانم چـی بەسـەر هـامونی دامـاودا دێـت؟ بەڕاسـتی مـن زۆر پەریشــانم بــۆ هــامون، چــونکە هــیچ شــتێک جێگــای دایــک و بــاوکە ڕاســتەقینەکانی مــرۆڤ نــاگرێتەوە، هەروەهــا لەوەش دەترســم کە نازییەکان بەدوای هامونیشدا بگەڕێن.

هــامون کە گوێبیســتی ئەم قســانە دەبێــت، هەمــوو گیــانی دەلەرزێــت، دواتــر دەچێــتە ژێــر بەتــانی و فرمێســک لە چاوەکــانی دێــنە خــوارەوە، هەرچەنــد

---

[1] - لە جەنگــی جیهــانی دووەم زۆرێــک لە جولەکەکــان بێسەروشــوێن دەبــوون، هەنــدێکیان لەســەر شــەقامەکان دەکــوژران و هەنــدێکیان دەســت بەســەر دەکــران و نەدەگەڕانەوە، نازییەکــانی ئەوکــات هەســتان بە جینوســاید (هۆلاکوســت) کردنــی جولەکەکــان، ئەو کــات زۆرێــک لە خەڵــکەکە ناچــار دەکــران خۆیــان بــۆ خۆیــان "گــۆڕ"هەڵکەنن، دوای تەواو بــوونی جەنگــی جیهــانی دووەم، ســوتاندن و ژەهــراوی بــوون بە غــاز، وەک هۆکارەکــانی ســەرەکی کــوژرانی جولەکەکــان دیــاری کــرا، لە نێــو شەش ملیۆن کەسدا تەنیا چەند کەسێک توانییان لەم شوێنە ڕزگار بن.

گریـــانەکەی بە هێواشـــی بـــوو، بەڵام نیکـــۆی لە خەو هەڵدەســـتێنێت، نیکـــۆ لە کاتی سڕینی چاوەکانی بە دەنگێکی نزم لە هامون دەپرسێت:

بۆچی دەگریت؟

هـــامون کە لە گریـــان بەردەوامە و قـــورگی گیـــراوە، ناتوانێـــت وەڵام بـــداتەوە، نیکـــۆ پێیـــوایە هۆکـــاری گریـــانەکەی دەزانێـــت، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئەو نازانێـــت چـــی بەســـەر دایـــک و بـــاوکی هامونـــدا هـــاتووە. نیکـــۆ کە دەبینێـــت پرســـیارەکەی بـــێ وەڵام مـــاوەتەوە دەچێـــتە ســـەر تەخـــتەکەی و دەخەوێت.

کە بەیـــانی دادێـــت، نیکـــۆ دەچێـــتە لای دایکـــی خـــۆی و ســـەبارت بە ڕووداوەکە پرســـیاری لـــێ دەکـــات، لە وەڵامـــی پرســـیاری نیکـــۆ، دایکـــی پێـــی دەڵێـــت کە چـــی بەســـەر دایـــک و بـــاوکی هامونـــدا هـــاتووە، هەواڵەکە بەتەواوی نیکـــۆ غەمبـــار دەکـــات، چـــونکە نیکـــۆ کەســـێکی هەســـت ناســـک و خەمخۆر بـــوو، بـــۆ مـــاوەی چەنـــد ڕۆژێـــک دایکـــی نیکـــۆ ناهێڵێت هـــامون و نیکـــۆ بچـــنە قوتابخـــانە و لە دەرەوە یـــاری بـــکەن. ئەم کـــارش بـــۆ پاراســـتنی ژیـــانی هـــامون بـــوو، هەروەهـــا بـــۆ ئەوەی کێشـــەیان بـــۆ دروســـت نەبێـــت لە لای دراوســـێکانیان، چـــونکە هەر کەســـێک زانیبـــای هـــامون لەلای ئەوانە، ئەوا دایـــک و بـــاوکی نیکـــۆش دەســـت بەســـەر دەکـــران، ئەم چەنـــد ڕۆژانە بـــۆ هـــامون و نیکـــۆ وەک چەنـــد ســـاڵێک لێهـــاتبوون، دوای تێپەڕبـــوونی چەنـــد هەفـــتەیەک، دایکـــی نیکـــۆ لەبەر ترســـی دووبـــارە بـــوونەوەی ڕووداوی

هاوشـــێوە بـــۆ ئەوانـــیش، دەســـتی هـــامون دەگرێـــت و دەیەوێـــت ڕادەســـتی حکـــومەت بکـــات، بەڵام دواتـــر بیـــر دەکـــاتەوە کە ئەمە کـــارێکی دروســـت نیـــیە، گەر بیـــدات بە حکـــومەت ئەویـــش وەک منـــداڵەکانی تـــر لەنـــاو دەبرێـــت. دواتـــر بیـــر لە هـــاوڕێیەتی نیکـــۆ و هـــامون دەکـــاتەوە، لەبەر خـــویەوە دەڵێـــت، (پێویســـتە بـــۆ مـــاوەیەکی کـــورت بیـــدەم بە"پـــامیلا و فێلمینـــگ" کە دوو ســـاڵ پـــێش ئێســـتا منـــداڵێکیان هەبـــوو بەنـــاوی ویلـــی، کە لەلایەن پۆلیسەوە بە هەڵە دەکوژرێت).

کە دەچێـــتە لای ئەوان، نیـــو کـــاتژمێر قســـەیان لەگەڵـــدا دەکـــات، دواتـــر ئەوانـــیش ڕازی دەبـــن کە هـــامون جێگـــای کوڕەکەیـــان بگـــرێتەوە، دواتـــر ئەم مەسەلەیە لە نێوان ئەو دوو خێزانە وەک نهێنییەک دەمێنێتەوە.

❋ ❋ ❋

هـامون ئێسـتا دایـک و بـاوکێکی تـری هەیە، واتە دوو بەخێـوکەری هەیە، خـۆی ئەم ڕاسـتیە دەزانێـت، بەڵام هیچـی لە دەسـت نـایەت، لەم بەیـنەدا تەنیـا کەسـێک کە دەتوانێـت لەگەڵ هـامون دەردەدڵ بکـات، نیکـۆی هـاوڕێیەتی، لەمەوبەدوا نیکـۆ دەچێـت لە دەرگـای مـاڵی هـامون دەدات، و داوای لێـدەکات پـێکەوە بچـن یـاری بـکەن و جـار بە جـاریش بەرەو یاریگـایە کـۆنەکە بچـن، ڕۆژێکیـان هـامون و نیکـۆ لە یاریگـایەکەدا دانیشـتبوون و گفتوگۆیـان دەکـرد، لە ناکـاو هـاواری خەڵـک و دەنگـی ئاگـادار کـردنەوەی شـار دەکەوێـتە گوێیانـدا، هێشـتا جەنگـی جیهـانی دووەم تەواو نەبـووە، بەڵام پێـدەچێت جەنگـی جیهـانی سـێیەم دەسـتی پێکردبێـت، چـونکە خەڵـکەکە هەریەکەو بەرەو شـوێنێک ڕایـدەکرد، هـامون و نیکـۆش بە شـێوەیەکی گومانـاوی یەکسـەر بەرەو مـاڵ دەچـن، لە ڕێگـادا هەرکەسـێک کە دەبیـنن، گریـان و پێکەنینـی پێـوە دیـارە! ئەم حـاڵەتە، حـاڵەتێکی دەگـمەن و ترسـناک بـوو، لە پـێش چـاوی هەردووکیـان، هەرچۆنێـک بێـت نیکـۆ بەرەو لای دایکـی دەچێـت، دەیەوێـت بزانێـت چـی ڕوویـداوە؟ کە دەچێـتە ژوورەکەی، دەبینێـت دایکـی بە دامـاوی دانیشـتووە و خەریـکە دەگریێـت، لێـی دەپرسـێت چـی ڕوویـداوە؟ بـۆچی دەگریت؟

دایکـی نیکـۆ: ئەوە گریـانی خۆشـحاڵییە کـوڕم... هیـتلەر بـۆ ئـێمەی کاتولیکەکـان هـیچ گرفتـی دروسـت نەدەکـرد، بەڵام خەڵکێکـی زۆری بە

بێگوناهی کوشت... ئەمە شوڕشێک بوو کە مروڤایەتی خەونی پێوە دەبینی، نازییەکان شکستیان هێنا، ئیتر کەس مەحکوم بە مەرگ ناکرێت.

لەو کاتەدا بێدەنگییەک تەواوی ژوورەکەی داپوشیبوو، دواتر هامون ووتی:

خۆزگە دایک و باوکیشم ئەو ڕۆژەیان بە چاو بینیبا...

دایکی نیکۆ: هامون و نیکۆ هەردووکتان وەرنە باوەشم...

پاش چەند خولەکێک نیکۆ فرمێسکەکانی دایکی پاک دەکاتەوە و بە هامون دەڵێت:

- با بڕۆین تا ئێمەش لەم خۆشیە بێبەش نەبین.

- بڕۆین.

ئەو ڕۆژە بەشێک لە ناخۆشییەکانی هامونی لەناو برد، چونکە دایک و باوکی لە پێناو ئەو جەنگەدا کوژرابوون، هەروەها لەگەڵ ملیۆنان خەڵکی تریش، هامون زۆر خوشحاڵ نییە، بەڵام ئەمە خۆشترین ساتی ژیانی بوو، ئەم کۆتایی جەنگە بە تەواوی ژیانی خەڵکی گۆڕی، بە شێوەیەکی تر، ئەمە کۆتایی خەوێکی ناخۆش بوو.

* * *

دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ، هێشتا پەیوەندییەکانی هامون و نیکۆ وەک خۆی ماوەتەوە، هەردووکیان گەورە بوونە و سمێڵیان هاتوون، هەروەها کەمێک زیپکەی گەنجییان پێوە دیارە، بەڵام هێشتا کاریگەریەکانی جەنگ لەناو ناخی هاموندا زیندوون، هێشتا شەوانە هەندێک جار خەونی ترسناک دەبینێت، ترسناکتر لە جاران، زۆربەی کات ئافرەتێک دەبینێت بە جلی سپی و خوێناوی کە بانگی دەکات: (کوڕم من لێرەم، وەرە بۆ لام...)، هامون بەدوایدا دەڕوات، بەڵام ئەو بزر دەبێت. هەندێک کاتیش پیاوێک دەبینێت کە هەموو گیانی سوتاوە و هاوار دەکات، بەڵام کەس ناتوانێت ڕزگاری بکات. هامون کە ناتوانێت یارمەتی ئەو پیاوە بدات، خۆی بە گوناهبار دەزانێت. هەرچۆنێک بێت ئەم شتانە بۆ هامون ببوون بە شتانێکی ئاسایی، وەک چۆن بڵێین لەگەڵیدا ڕاهاتبوو، ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی تریش هامون و نیکۆ فێری جگەرە کێشان ببوون، جار بە جاریش سەردانی مەیخانەکانیان دەکرد.

لە بەیانیەکی ساردی مانگی شوباتدا، هامون و نیکۆ دەچوون بۆ قوتابخانە، نیکۆ تەنیا هاوڕێی هامونە، کە لە دەرەوەی قوتابخانەشدا پەیوەندی پتەویان هەیە پێکەوە، ئەوان زیاتر برا بوون بۆ یەکتر تا هاوڕێ، هامون لە ڕووی داراییەوە گوزەرانی باش نەبوو، بۆیە کەم کەس هاوڕێیەتی دەکرد، بەڵام وەک پێشتر باسمان

کـــرد، نیکـــۆ لە ڕووی دارایـــیەوە دەوڵەمەنـــد بـــوو، هەروەهـــا کەســـێکی خـــاکیش بـــوو، پـــارە و پـــوڵ لای نیکـــۆ شـــتێکی وا گەورە نەبـــوو کە لافـــی پێـــوە لێبـــدات، بـــۆیە هەنـــدێک لە هاوپولەکانیـــان لەچەریـــان[2] پێـــدەبرد، ئەو کاتـــانەی زەنگـــی قوتابخـــانە لێـــدەدا، ئەم دووانە هەمیشـــە پـــێکەوە دەچـــن بـــۆ دەرەوە و پـــێکەوە نـــان دەخـــۆن، ڕۆژێکیـــان هـــامون بەهـــۆی خراپـــی حـــاڵی و سەرئێشـــە دەیویســـت بگەڕێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ، بـــۆیە داوا لە نیکـــۆ دەکـــات کە لەگەڵیـــدا بچێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ، نیکـــۆش داواکەی قبـــوڵ دەکـــات و لەگەڵیـــدا دەچێـــت، دوای چەنـــد خولەکێـــک لە ڕێگـــا ڕۆیشـــتن، نیکـــۆ دەســـت لەسەر شانی هامون دادەنێت و پێی دەڵێت:

- بۆچی بێدەنگی؟ ئەمڕۆ خۆشحاڵیت پێوە دیار نییە! شتێک بڵێ؟؟

- پەیڤم نیە بۆ ووتن...

- باشـــە، ئەوە گەیشـــتین بە مـــاڵ، بەڵام تـــۆ دەبێـــت پـــێم بڵێـــی کە ئەمـــڕۆ بۆچی پەریشان بوویت؟

- من سەر ئێشەم گرتووە، وابزانم شەوانە کەم دەخەوم.

- باشە، کەواتە ماڵئاوا.

- ماڵئاوا.

ئەو ڕۆژە هـــامون بە هـــیچ شـــێوەیەک لە مـــاڵ نەهـــاتە دەرەوە، پێـــدەچێت شـــتێک بیـــزاری کردبێـــت، دەیویســـت بچێـــت ســـەیری تـــی ڤـــی بکـــات، بەڵام

---

[2] حەسودیی

ئەمەش یـارمەتی نەدەدا بـۆ هـێمن بـوونەوەی، بـۆیە دوای خـواردنی نـانی ئێـوارە، هـامون دەیویسـت وانەکـانی بخوێنێـت، بەڵام بەهـۆی سـەر ئێشـەوە ناتوانێـت، لەوانەیە بەهـۆی خەونەکـانییەوە بێـت، بە هەرحـاڵ، هـامون دادەنیشێت و لەبەر خۆیەوە دەچرپێنێت و دەڵێت:

(مـن هەرچەنـد بەش بەحـاڵی خـۆم بیـر دەکەمەوە، دەزانـم کە ئـێمەی مـرۆڤ پێویسـتیمان بە چەنـد ژیانێـک هەیە، بەڵام لە کـوێ و لە چ کاتێکـدا، دیـار نییە. ئەم ژیـانە شـەفاف نیـیە، دەبێـت مانـای ژیـان ڕەنگاوڕەنگ بکرێت).

درەنگـانی شـەو دادێـت و هـامون بیـر دەکـاتەوە و بیـر دەکـاتەوە، لە هەر چەنـد خولەکێـک فکرێکـی خەیـاڵی دەکەوێـتە مێشـکی، دواتـر بیـر لە تراژیـدیاکانی ژیـان دەکـاتەوە، بەتـایبەت جەنـگ، بە قـوڵای دەچێـتە نێـو بیرکـردنەوەی جەنگـدا، کە بـۆچی دەبێـت جەنـگ هەبێـت؟ ئەم جەنگـانە لە پێنـاو چیـیە؟ هەمـوویـان لە پێنـاو یەک خـوا دەجەنگـن، بـۆچی دەبێـت هەمـوویـان لە پێنـاوی بجەنگـن؟ مەگەر خـۆی ناتوانێـت یەکسـانی لەنێـو مرۆڤایەتیـدا دابەش بکـات؟ هـامون خەوی لێـدەکەوێت. لە خەوەکەیـدا دایکـی دەبینێـت، بە جلێکـی سـپی لە خانوویەکـدا، کە دیوارەکـانی بە ڕەنگـی سـوور داپۆشـراوە، لەوکـاتەدا بـانگی کـوڕەکەی دەکـات... هـامون بەرەو لای دایکـی دەچێـت، بەڵام دایکـی بەرەو دواوە دەگەڕێـتەوە! دەچێـت بـۆ دەرەوەی خـانووەکە، هـامون دەچێـت بە دوای دایکیـدا، بەڵام ئەو بـزر

دەبێت! هامون لە دەرگایەکە نزیک دەبێتەوە، کە دەرگایەکە دەکاتەوە، دەبینێت لە بیابانێکدایە! سەیری ئاسمان دەکات، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە، هامون دەیەوێت بگەڕێتەوە نێو خانووەکە، بۆ ئەوەی دیسان دایکی بدۆزێتەوە، بەڵام دەنگێک لە پشتەوە بانگی دەکات: (هامون، هامون، هامون...) کە سەیری دواوەی دەکات کچێک دەبینێت، بە جلوبەرگێکی ڕەش، سەرتاپای هامون دەلەرزێت لە ترسان، هامون بە سەرسوڕمانەوە پێی دەڵێت: تۆ کێیت؟!

کچەکە: هەریەک لە ئێمە خەونێکمان هەیە، بەڵام دەبێت مانای خەونەکە بزانین...

هامون: من...

کچەکە قسەکانی لێ دەبڕێت و یەکسەر بەرەو لای ڕادەکات، بەڵام هامون یەکسەر لەخەو هەڵدەستێتەوە.

کە هامون بەخەبەر دێتەوە دەبینێت هەمووگیانی تەڕ بووە، چاوەکانی پاک دەکاتەوە و تەماشای پەنجەرەکە دەکات دەبینێت بەیانییە، کاتی قوتابخانەیە، بە مێشکێکی زۆر ماندووە هەڵدەستێت ئاوێک بە دەمو چاویدا دەکات، نانی بەیانی دەخوات، دوای چەند خولەکێک دەچێت بەدوای نیکۆدا و دەڕۆن بۆ قوتابخانە، لە ڕێگادا هامون چاوی بە کچێک دەکەوێت، لە بینینی ئەو تێر نابێت، لە دوای هەر هەنگاوێکی کچەکە، هەنگاوەکانی هامون بەدوای کچەکەدا دەچن، بەردەوامە لە

**سـەیر کردنـی کـچەکە، تـا ئەوەی نزیـک دەبـنەوە لە قوتابخـانە، بەڵام کـچەکە لێـی وون دەبێـت، دواتـر نیکـۆ بە هـامون دەڵێـت کە بچـن جگەرەیەک بکێشن...**

**کە دەچـنە پشـتەوەی قوتابخـانە بـۆ کێشـانی جـگەرە، هـامون بە نیکـۆ دەڵێـت: تـۆ تەنیـا هـاوڕێی منـی کە دەزانێـت چـی بەسـەر ژیـانم هـاتووە، سوپاس بۆهەمیشە مانەوەت لەگەڵ مندا.**

**نیکـۆ: پێویسـت بەم قسـانە ناکـات هاوڕێگیـان... ئەمە ئەرکـی مـنە، دەبێت هەمیشە ئاگامان لە یەکتر هەبێت.**

**چەنـد خولەکێـک تێـدەپەڕێت و دواتـر دەگەڕێـنەوە ژوورەکەی خۆیـان، کاتێـک هـامون دەچێـتە ژوورەکەی، دیسـان چـاوی بە کـچەکە دەکەوێـت! وادەزانێـت خەونە، چاوەکـانی دادەخـات و دەیکـاتەوە دەبینێـت خەون نیـیە و ڕاسـتییە، لەوکـاتەدا ماموسـتای ئـاینزانی دێـتە ژوورەوە وبەدەنگێکـی زۆر ناخۆش و ناحەزەوە دەڵێت:**

**(هەر کەسێک لەسەر جێگایی خۆی دانیشێت).**

**ماموسـتایەکە پـێش ئەوەی دەسـت بکـات بە وانە ووتـنەوە، بە قوتابییەکانی دەڵێت:**

**(هـاوپولێکی نوێمـان هەیە کە ناوی"جولیـا"یە، هەمووتـان بەخێرهـاتنی بکەن).**

هەمــوو قوتابییەکــان بەخێرهــاتنی دەکەن و هــامونیش لەو کــاتەدا ســەیری جولیــا دەکــات، ماموســتا دەســت دەکــات بەوانە وتــنەوە، دوای چەنــد خولەکێـک ماموسـتایەکە تەماشـای قوتابیەکـانی دەکـات، دەبینێـت هـامون هــزری لای دەرســەکە نیــیە و ســەیری جولیــا دەکــات، لەناکــاو ماموســتا بانگی دەکات:

(هــامون دەکرێــت ئەوشــتانەی کە مــن باســی لێــدەکەم بــۆ ئــێمە دووبــارە بکەیەوە؟!).

هەمــوو قوتابییەکــان بەشــێوازێکی ســەیر ڕوویــان کــردە هــامون، بەتــایبەت جولیا.

هامون: نەخێر...

ماموستا: کەواتە ئاگات لە دەرسەکە بێت.

جولیــــا بەردەوامە لە ســــەیرکردنی هـــــامون، لەوکــــاتەدا زەردەخەنەیەک دەکەوێــتە ســەر لێوەکــانی جولیــا، هــامون لەو کــاتەدا شــەیدای چاوەکــانی دەبێــــت، بەڵام بەتەواوی شــــەرم دایگرتبــــوو، نەک لەبەر قوتابیەکــــان، بەڵکــــو لەبەر نیکــــۆی هــــاوڕێی، کاتژمێرێــــک تێــــدەپەڕێت و زەنگــــی قوتابخــانە لێــدەدات، هــامون و نیکــۆ دەچــنە نێــو بــاخچەی قوتابخــانەدا و گفتوگۆ دەکەوێتە نێوانیان:

هامون: ئەو کچە نوێیە هەر سەیری منی دەکرد!.

نیکۆ: ئەمڕۆ هەمووومان تەماشای تۆمان دەکرد، ها ها ها...

گفتوگـۆیەکەی ئەم دووانە بەردەوام دەبێـت، تـا ئەوەی جولیـاش دێـتە نێـو بـاخچەی قوتابخـانەدا، یەکێـک لە کچەکـان نزیـک دەبێـتەوە لە جولیـا و پێی دەڵێت:

(مـن "لانـدێریا"م، خۆشـحاڵ دەبـم مـن بە یەکەم هـاوڕێی خـۆتم بزانـی لەم قوتابخانەدا).

جولیا: منیش جولیام، خۆشحاڵم بە ناسینی تۆ، بەڵێ بێگومان.

لانـــدێریا: وەرە بـــا یارمەتیـــت بـــدەم، لە بینینـــی نـــاووەوە و دەرەوەی قوتابخانە، هەروەها هەندێک زانیاری تریش بدەم بە تۆ...

هـــامون بەردەوامە لە ســـەیرکردنی جولیـــا، بۆمـــاوەی چەنـــد خولەکێـــک ســـەیری دەکـــات و دەیەوێـــت گفتوگـــۆی لەگەڵـــدا بکـــات، بەڵام لانـــدێریا تونـد دەسـتەکانی جولیـا دەگرێـت و لەگەڵ خـۆی دەبـات، هـامون دەزانێـت گفتوگـۆ لەگەڵ ئەو کـچەدا کـارێکی ئـاسـان نیـیە، دواتـر بیـر دەکـاتەوە و لەنێـو مێشـکیدا دەڵێـت کە ئاینـدە چـاوەڕوانی شـتێکی تـرە، واز لە بیـری قسـەکردن لەگەڵ جولیـادا دەهێنێـت، بەڵام هـامون ئەو ڕۆژە هەمـوو فکـری هەر لەلای جولیـا بـوو، تـا ئەوەی زەنگـی کۆتـایی قوتابخـانە لێـدەدات.

هـامون و نیکـۆ دەچـن بـۆ مـاڵەوە، لە ڕێگـادا دووبـارە چـاوی بە جولیـا دەکەوێـت، نیکـۆش کە دەبینێـت هـامون سـەیری کـچەکە دەکـات، پێـی دەڵێت:

- بۆچی ئەوەندە سەیری ئەم کچە دەکەی؟

- نـــازانم، واهەســـت دەکەم ئەم کـــچەم لە شـــوێنێک بینیـــووە، بەڵام نـــازانم لە کـــوێ! بـــا واز لە مەســـەلەی ئەم کـــچە بێنـــین، دەمویســـت بڵـــێم ئەمـــڕۆ ژیاننـــامەی (مـــوریس بێـــرگ)[3]م خوێنـــدەوە، ئەو یـــاریزانە بەناوبـــانگەی یاری بەیسبۆڵ.

- من زۆر گرنگی بەو یاریزانە نادەم.

- بۆچی؟ چونکە جولەکە بوو؟؟

- نـــا، خـــۆت دەزانـــی مـــن جـــولەکە بـــوون و کاتولیـــک بـــوونم لا گرنـــگ نیـــیە، بۆیە هاوڕێیەتی تۆم هەڵبژاردووە.

- کەواتە سوپاس، بۆ زیاتر گرنگی دانت بە هاوڕێیەتی.

هەردووکیـــان نزیـــک دبـــنەوە لە مـــاڵ و ماڵئـــاوایی لە یەکتـــر دەکەن. دوای چەنـــد کاتژمێرێـــک و خـــواردنی نـــانی ئێـــوارە، هـــامون لە مـــاڵ دەچێـــتەدەرەوە، پیاســـەیەک دەکـــات و جـــگەرەیەک دادەگیرســـێنێت، فکـــر لە کـــچەکەی ئەمـــڕۆ دەکـــاتەوە، دەچێـــت بەرەو مەیخـــانە و هەنـــدێک خـــواردنەوە بـــۆ خـــۆی دەکڕێـــت، دواتـــر دەچێـــتە نێـــو یاریگـــایە کـــۆنەکەی جـــاران و تـــا درەنگـــانی شـــەو دادەنیشـــێت، دەخـــواتەوە و دەکێشـــێت و بیـــر دەکـــاتەوە، تـــا

---

[3] (موریس بێرگ) یەکێک لە یاریزانە بەناوبانگەکانی"بەیسبۆڵ" بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٤ ئەمریکا ئەوی هاڵبژاردبوو، بۆ تیرۆرکردنی(وارنێر هاینزنبێرگ)، چونکە وارنێر یەکێک بوو لە فیزیکدانە بەناوبانگەکانی جیهان، وارنێر دەیویست بومبی ئەتومی ڕادەستی نازییەکان بکات، بەڵام پەشمان دەبێتەوە و لەگەڵ موریس ئاشنا دەبێت، دواتر دەبێت بە هاوڕێی موریس.

ئەوەی مەست بوونی پێوە دیار دەبێت، لەگەڵ خۆی گفتوگۆ دەکات و دەڵێت: (من مەست نیم، هێشتا دەتوانم بە ڕێگادا بڕوم، دەبێت بچم بخەوم، بۆ ئەوەی سەفەر بکەم، سەفەر بکەم بۆ لای دایکم و شوێنە نادیارەکان...).

دواتر دەیەوێت بچێت بۆماڵەوە، بەڵام لە ڕێگادا، لە نێو کوڵانێکی تاریکدا، ژنێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ژن: پێم وایە تۆ حاڵت باش نییە، وەرە بۆ لای من، ئەمشەو لە ماڵی من بخەوە، پێدەچێت بەتەواوی سەرخۆشبیت، بە پارەیەکی کەم دەتوانی کاتێکی خۆش لەگەڵ من بەسەر ببەی.

پاشان ژنەکە دەستی دەگرێت و دەیبات بۆ ماڵی خۆی، ئەم هەستە لای هامون شتێکی زۆر نامۆ بوو، چونکە یەکەمجار بوو ڕووبەڕووی دیمەنێکی وا ببێتەوە، ژنەکە چرای ژوورەکەی دادەگیرسێنێت و جلەکانی لەبەر دادەکەنێت، پاشان دەست دەکات بە ماچکردنی هامون، چەند خولەکی یەکەم هامون زۆر بە شەرمەوە سێکسی لەگەڵ ژنەکەدا دەکرد، بەشێوەیەک کە خۆی ئاگایی لە خۆی نەبوو، بەڵام گەرمی لێوەکانی ژنەکەی هەست پێ دەکرد لەسەر لەشی خۆی، هەروەها هەناسەی دەمی بەشێوەیەکی خێرا دەهاتە دەرەوە، دواتر ژنەکە لاقەکانی دەکاتەوە و هامون دەکێشێتە لای خۆی، کەم کەم هامون و شەرم دوور دەکەونەوە لە یەکتر، پاش چەند خولەکێک سێکسیان تەواو دەبێت، ژنەکەش

هەندێک ئاوی خواردنەوەی بۆ دەهێنێت دواتر هامون خەوی لێدەکەوێت، ئەو شەوە هامون زۆر ماندوو ببوو بۆیە لای ژنەکە مایەوە تا بەیانی.

هامون کە هەڵدەستێتەوە دەبینێت بەیانییە! هێشتا خەو بەتەواوی بەری نەداوە، لە ژوورێکدایە کە پڕە لە شوشەی مەشروب و فیلتەری جگەرە، هەروەها چەند سوخمەیەکی ڕەنگاو ڕەنگیش لەسەر زەوی کەوتوون، ژنێکیش لە بەرامبەردا دانیشتووە، جگەرەیەک و پەرداخێک مەشروبی لە دەست دایە، تیشکی خۆریش لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە، کە وا دەکات دوکەڵی جگەرەکەی بەشێوەیەکی لاری بەرچاو بکەوێت. هامون سەیری ژنەکە دەکات و دەڵێت:

- من لە کوێم؟

- لە دۆزەخ...

- من دوێنێ شەو چیم کردووە؟ پێدەچێت بە هەڵە هاتبێتمە لای تۆ؟

- نەخێر، من تۆم هێناوە بۆ ماڵی خۆم، دوێنێ شەو حاڵت باش نەبوو، دەمزانی ناتوانی بە ڕێگادا بڕۆی، بۆیە ڕێم بە خۆم نەدا بەو شێوەیە بە جێتبهێڵم.

- بە تەنیا دەژی لێرە؟

- بەڵێ، من لەم کارە بژێوی ژیانی خۆم دەردەهێنم، بەڵام خەڵکی ئەم گەڕەگە بە چاوێکی خراپ سەیرم دەکەن، ئەوان پێم دەڵێن لەش فرۆش...

هامون سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

- من نابێت ئەم هەڵەیەم کردبا، پارەکەت چەند دەکات...؟

- من تۆم هێناوە بۆ ئێرە، کەواتە پێویست بە هیچ پارەیەک ناکات.

- فەرموو ئەم بڕە پارەیە بگرە، دەزانم کەمە، بەڵام من هەر ئەوەندەم پێیە، زۆر سوپاس ماڵئاوا...

دوای چەند خولەکێک، هامون دەچێت بەرەو قوتابخانە و نیکۆ یەکسەر دەچێت بۆ لای و پێی دەڵێت: بۆچی ئەمڕۆ لە ماڵ نەبووی؟ من...

هامون قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێت:

- ببوورە درەنگ هاتم، لەشوێنێک بووم، دواتر بۆ تی باس دەکەم.

- بۆنێکی خۆشت لێ دێت، پێدەچێت دوێنێ شەو لە شوێنێکی تایبەت کاتت بەسەر بردبێت؟!

- هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم بەڵام ئێستا نە، پێم بڵێ جولیا لەکوێیە؟

- لەگەڵ هاوڕێیەکەی چووە بۆ نێو باخچەی قوتابخانەدا.

- حەزدەکەم بچینە شوێنێک جگەرەیەک بکێشین، تا پێت بڵێم چی ڕوویداوە...

- دەزانم شێواوی گەر حەزدەکەی دەچینە نێو یاریگایە کۆنەکەی خۆمان.

- نا، نا، وەرە بچینە پشتەوەی قوتابخانە...

- ئێ ئەووەش پشتەوەی قوتابخانە، ئێستا پێم بڵێ؟

- چی؟

- ئەو شتەی دەتویست پێم بڵێی!

- ئم... دوێنێ شەو لەگەڵ ژنێکدا نووستم.

- چی؟ چۆن ئەم شتە ڕوویدا؟ بۆچی نەهاتی بۆ لای من؟ دەزانی پامیلا و فلێمینگ نیگەرانت بوون؟

- دواتر بەهانەیەک بۆ ئەوان دەدۆزمەوە، دوێنێ شەو دەمویست پیاسەیەک بکەم، نەمزانی چۆن ئەم شتە ڕوویدا، نازانم چۆن بەم شێوەیە مەست بووم، بەشێوەیەکی خێرا ڕوویدا، دەزانی ژنێکی چەندە باش بوو؟؟ تەنانەت پارەکەشی وەرنەگرت...

- باشە، دەبێت بچینە ژوورەوە، هەروەها خەریکە وانەکە دەست پێدەکات...

هامون و نیکۆ دەچن بۆ پۆلەکەی خۆیان و ماموستا دەست دەکات بەوانە وتنەوە، بەڵام هامون تەنیا هزری لای جولیایە و هەر سەیری دەکات، جار بە جاریش جولیا تەماشای ئەو دەکات، پێدەچێت لاندێریا کچێکی حەسود بێت، چونکە ئەو کاتانەی کە جولیا و هامون سەیری یەکتر دەکەن، ئەو بە جولیا دەڵێت کە واز لەو کوڕە بهێنێت، (چونکە هامون کەسێکی دەوڵەمەند نەبوو)، دواتر لاندێریا باسی خۆی و خێزانەکەی بۆ جولیا دەکات، کە شەوانە لە مەیخانەکەی باوکیدا یارمەتی باوکی دەدات.

هـامون و نیکـۆش گفتوگۆیـان دەسـت پـێ کردبـوو، سـەبارەت بە ڕووداوەکەی ئەو شـەوی هـامون، کە لەگەڵ ژنەکەدا خەوتبـوو، هەروەهـا هـامون باسـی ژوورەکەی ژنەکەی بـۆ نیکـۆ دەکـرد، پێـدەچوو نیکـۆ خۆشـحاڵ بێـت بە گێـڕانەوەی مەسـەلەکە، جـار بە جـاریش دەیـدایە قاقـای پێکەنـین، چەنـد کـاتژمێر تێـدەپەڕێت و قوتابخـانە کوتـایی پێـدێت. هـامون و نیکـۆ دەچـن بەرەو ماڵەوە.

لەو کـاتەی جولیـا هـاتووە بـۆ قوتابخانەکەیـان ڕۆژەکـان زوو تەواو دەبـن و شـەوەکان درەنـگ، ئەمە ئەو هەسـتەیە کە هـامون هەیەتـی بەرامـبەر بە ژیـان، دوای ئەوەی کە شـەو دادێـت، نیکـۆ دەچێـتە پـێش دەرگـای مـاڵی هـامون و داوای لێـدەکات کە بچـن بـۆ یەکێـک لە مەیخانەکـانی نێـو شـار، هـــامون هەرچەنـــدە دەیویســـت وانەکـــانی بخوێنێـــت، بەڵام داواکەی هـاوڕێیەکەی قبـوڵ دەکـات و دەچـن بـۆ دەرەوە، هەردووکیـان دەچـن بـۆ مەیخـانەیەک و دادەنیشـن، نیکـۆ باسـی کوتـایی هەفـتەی بـۆ هـامون کـرد، کە بچـن بـۆ سـەیران و کـات بەسـەرببەن، بەڵام هـامون هـزری لای نیکـۆ نەبـوو، لەناکـاو جـگەرەیەک دادەگیرسـێنێت، نیکـۆش بە سەرسـوڕمانەوە پێی دەڵێت:

- ئاگات لە منە؟!

- ها؟ نا، ببوورە، جولیام لە هزردا بوو...

نیکۆ کە گوێبیستی ئەم قسەیە دەبێت، مەسەلەکە بە جدی وەردەگرێت و دەڵێت:

- ئەو تەنیا چەند هەفتەیەکە هاتووە بۆ قوتابخانەکەی خۆمان، تۆ بەشێوەیەکی گشتی نایناسی، بەڵام پێدەچێت جولیات خۆش بووێت، وانیە؟

- من پێم وایە ئەگەر بزانێت من جولەکەم، دوور دەمێنێتەوە لێم.

- نا، من باوەڕ ناکەم.

- من زۆر ئەو کچە ناناسم، بەڵام وابزانم خۆشم ئەوێت...

- گەر وایە سبەی بڕو قسەی لەگەڵدا بکە، منیش یارمەتیت دەدەم.

- دەزانی چییە؟ ئەمڕۆ زەردەخەنەیەک ڕابەرایەتی منی دەکرد، دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخسا، جوانییەکەی وای لە من کردووە شەیدای ببم، چاوەکانی زۆر جوانن. بەژنێکی پڕ، پرچێکی کورت و مەیلەو قاوەیی، لێوێکی باریک، بەڵام من...

- من چی؟ شەرم دەکەی؟ دەزانم.

- من پێویستیم بە کاتە، هەروەها مێشکم زۆر ئاڵوزە، ئەوە چەند ڕۆژە بە شێوەیەکی خراپ وانەکانی قوتابخانە دەخوێنم، ئەوا خەریکە وەرزی یەکەمی خوێندن بەرەو کوتایی دەچێت.

- باشە، کەواتە بە خۆشیت، با بخوینەوە.

- بەخۆشی، هاوڕێ گیان.

- ئەمشەو زۆر دەخوینەوە، تا درەنگانی شەو ناچین بۆماڵەوە.

- نەخێر، دەبێت زوو بڕۆین.

- بەیانی وانەی گرنگمان نییە، قوتابییەکان شانۆمان بۆ ئەنجامدەدەن، کەواتە نیگەرانیت لە چی دایە؟؟

- باشە، کەواتە هەریەکێک لە ئێمە بتلێک خواردنەوە لەگەڵ خۆمان دەبەین و دەچین بۆ یاریگا دادەنیشین.

- با بچین...

هەردووکیان دەچن، تا درەنگانی شەو لە یاریگا کۆنەکە کات بەسەر دەبەن، تا ئەوەی مەستیان پێوە دیار دەبێت، لەو کاتەدا هامون دەڵێت:

- من لە هەندێک کاتدا کە نووستووم، لەنێو خەودا کەسێک داوا لە من دەکات کە سنوورەکانی ژیان بدۆزمەوە، من دەتوانم ئەم سنوورانە لە شوێنێکی تاریک بدۆزمەوە، ئەوەش من دەترسێنێت چونکە شوێنەکە زۆر تاریکە.

- دەزانی چییە؟ تۆ تاکە هاوڕێی منی، نەک هاوڕێ بەڵکو تاکە مرۆڤی هۆشیاری کە من بینیبێتم، تۆ بەو قسە پڕمانایانەت هەستی مرۆڤ دەجوڵێنی، حەزدەکەم جارێک نقومی نێو شێوازی خەونەکانت بم، دەمەوێت بزانم چ هەستێکی هەیە؟!

- زۆر سەختە، کە لە خەونەکانی یەکتر تێبگەین، تۆ دەزانی کە دایک و باوکە پێشووەکانم جولەکە بوون وانییە؟

- بەڵێ.

- بینیت ئەوان لە پێناو چی مردن؟ گوناهی ئەوان و ملیۆنان خەڵکی تر چی بۆ؟ جگە لە مرۆڤ بوون؟!

- دەزانم هاوڕێگیان، ئەوان هیچ گوناهێکیان نەبوو. بەڵام ئێستا دەبێت کەم کەم بەرەو ماڵەوە بچین، وابزانم مەستم.

- بەڵێ، منیش خەریکە بوتڵەکەم تەواو دەکەم، بابڕۆین...

لە ڕێگادا هامون باسی ئەوە بۆ نیکۆ دەکات کە جولیای لە شوێنێک بینیووە، بەڵام نازانێت لە کوێ، لەو کاتەدا دەگەن بە پیرەمێردێکی شڕۆلە، کە لەناو خاشاکی ڕزێودا، لە سوچێکی شاردا کەوتووە، داوای جگەرەیەک دەکات، هامونیش جگەرەیەک و نیکۆش نیوە شوشە مەشروبەکەی پێدەدات، هامون بە گومانەوە سەیری پیاوەکە دەکات و پێی دەڵێت:

بۆچی بە تەنیا لێرە کەوتووی؟!

پیرەمێرد: من پێشتر ژیانێکی زۆر خۆشم هەبوو، بەڵام ئەمە چەند ساڵە چرای ئاواتەکانم کوژاوەتەوە، هاوسەرەکەی خۆمم لە دەست داوە... لە پێناو بێ پارەیی، پاشان چووە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند و قەڵەوی ناشریندا کردووە، وا هەست دەکەم ئەو

گـوڵەی مـن هەڵمبژاردبـوو، دڕکەکەی ژەهـراوی ببـوو، ژنـان زۆربەیـان وەک یەکـن، زۆربەیـان لـوتبەرزن، بەڵام دواتـر ئەم لـوتبەرزانە دەبـنە کـوێڵەی کەسـانی دەوڵەمەنـد، مـن نـازانم خـوا پـارەی دروسـت کـرد یـان پـارە خـوای دروست کردووە؟ زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم مەشروب و جگەرەیە.

نیکۆ: سوپاسی پێناوێت، بابڕۆین هاوڕێگیان.

هـامون تـا دەگـاتە مـاڵەوە، بیـر لە قسـەکانی پیـاوە پیـرەکە دەکـاتەوە، پـاش ماڵئـاوایی ئەم دووانە لە یەکتـر، هـامون دەچێـتە ژوورەکەی خـۆی و دادەنیشـێت، جـگەرەیەک دادەگیرسـێنێت. دواتـر نقـومی نێـو خەیاڵەکـانی دەبێت و لەگەڵ خۆی دەدوێت و دەڵێت:

(هەژاری، بـێ پـارەیی، جەنـگ، مـردن... بـۆچی ئەم هەمـوو شـتانە هەن؟ پـێم وانیـیە دونیـایەکی تـر هەبێـت، یـان زینـدووبونەوە هەبێـت، چـونکە هەرکەسـێک مردبێـت نەگەڕاوەتەوە و هـیچ پەیـامێکی بـۆ ئـێمە نەهێنـاوە، ئێمە دەبێت نیگای گشتی بۆ ژیانی تایبەت بڕەخسێنین).

دوای ئەم گفتوگـۆیە تەنیـاییە، هـامون خەوی لێـدەکەوێت، کە چاوەکـانی دەکـاتەوە دەبینێـت لە شـوێنێکە، دوور لە جیهـانی مرۆڤـایەتی، لەو شـوێنە بـزر دەبێـت بـۆ مـاوەی چەنـد خولەکێـک، پاشـان دەگەڕێـت بە دوای ڕێگایەکـدا، بەڵام لەناکـاو کچێـک دەبینێـت، کچێکـی زۆر ناشـرین، بەپرچێکـی سـپی و کـورت، کە هـیچ جلـوبەرگێکی لەبەردا نیـیە، تەنیـا ملـوانکەیەکی لە ملـدایە، ئەو ملـوانکەیەش کلیلـێکە، هەروەهـا لەجیـاتی

دوو چـاو، سـێ چـاو و چـوار دەسـتی هەیە، زمانەکەشـی ئەوەنـدە درێـژە کە جـار بە جـار یـاری لەگەڵیـدا دەکـات، هـامون بە سەرسـوڕمانەوە تەماشـای کچەکە دەکات و لێی دەپرسێت کە بۆچی لێرەیە؟

کـــچەکە: ئەمە سەرزەمینی"ســـــورییال"ە، لەم ســـــەرزەمینە هەرشـــــتێک داوا بکەی هەیە، تەنیا مرۆڤە مردووەکان نەبێت.

هامون دەکەوێتە گومان و پێی دەڵێت:

(کەواتە من گیای نەمریم دەوێت!)

کـچەکە: باشـە، بەڵام ئەم گیـایە تەنیـا لەسـەر بەرزتـرین چیـای ئەم سەرزەمینە دەڕوێت و ناوی ئەم گیایەش (نازوس)ە.

هامون: باشە، کەواتە پێم بڵێ، ئەم چیایە لە کوێیە؟

کـچەکە: سـەیری دواوە بـکە... ئەوەتـا لە پشـتەوەی خـۆتە، بەڵام ئەوەت لە یـاد بێـت، ڕویشـتن بـۆ سـەر چیـایەکە دوو ئەگەری هەیە کە دەبێـت بزانی:

یەکەم: ئەگەر ئەو گیـایە بخۆیـت، لەم سـەرزەمینەدا دەژیـت و دوای چەنـد هەزار ساڵێک شێت دەبیت.

دووەم: ئەگەر نەیخۆیـت، ئەوا دەگەڕێـیەوە بـۆ لای مـن و پـێکەوە دەژیـن، ئەم ملوانکەیەش کلیلی جیهانی داهاتووە.

هــامون گــوێ بــۆ قســەکانی کــچەکە ڕاناگرێــت، وا دەزانێــت جــادووگەرە، پاشــان دەچێــت بەرەو چیــایەکە، دوای تێپەڕبــوونی لە چەنــد دارســتان و ڕووبارێک، هامون دەگات بە چیایەکە.

کە گیــایی (نــازوس) دەدۆزێــتەوە، چەنــد خولەکێــک بیــری لــێ دەکــاتەوە، دواتــر دەبینێــت شــێوەی لە ئەســتێرە دەریاییەکــان دەچێــت و ڕەنگــی پەمەیــیە، پێــدەچێت تــا ئێســتا هــیچ گیانلەبەرێــک لێــی نزیــک نەبــوبێتەوە، هامون دەست دەکات بە خواردنی...

دوای چەنــد خولەکێــک هــامون سەرئێشــە دیگرێــت و دەوروبەری بە ڕەش و ســپی دەبینێــت، هەروەهــا شــوێنەکانیش دوور و نزیــک دەبــنەوە لێــی، پێــدەچێت کــچەکە فێڵــی لە هــامون کردبێــت، هــامون گێــژ دەبێــت و لە چیــایەکە دەکەوێــتە خــوارەوە... لەناکــاو لە خەو هەڵدەســتێتەوە...! دەبینێــت بەیــانییە! کــاتی قوتابخــانەیە، چەنــد خولەکێــک پێــدەچێت تــا خــۆی ئامــادە دەکــات ، دواتــر دەچێــت بەدوای نیکــۆدا و دەڕۆن بــۆ قوتابخانە.

کاتێــک هەردووکیــان دەگەنە نێــو بــاخچەی قوتابخــانە، جولیــا و لانــدێریا دەبیــنن، لەم بەیــنەدا جولیــا ســەیری هــامون دەکــات و هــامونیش ســەیری جولیــا دەکــات، بەم شــێوەیە ئەم دووانە بەردەوام دەبــن لە ســەیر کردنــی یەکتــر، تــا ئەوەی لانــدێریا دەچێــتە بــن گوێیەکــانی جولیــا و پێــی دەڵێت:

**ئەم کــوڕە زۆر قــۆزە، ســەیری چــاوە شــینەکانی و پــرچە زەردەکەی بــکە، زۆریـــش دەوڵەمەنـــدە و نـــاوی نیکـــۆیە، زۆربەی کـــات لە مەیخـــانەکەی بـــاوکم دەیبیـــنم لەگەڵ هاوڕێیەکەیـــدا، حەزدەکەم شـــەوێک لەگەڵیـــدا بخەوم، ها ها ها...**

**جولیا: دەبێت بچینە ژوورەوە، کاتی وانەیە.**

**پـــاش ئەوەی ماموســـتا دەســـت دەکـــات بەوانە وتـــنەوە لە ژوورەکەدا، لانـــدێریا پرســـیاری ئەوە لە جولیـــا دەکـــات کە وانەکـــانی خوێنـــدووە یـــان نـــا؟ بەڵام جولیـــا بە شـــێوەیەکی زۆر تـــوڕە و بەدگومـــانی، وەڵامـــی دەداتەوە و باسی ئازارەکانی سووڕی مانگانەکەی بۆ لاندێریا دەکات و دەڵێت:**

**(ئەم ســووڕی مانگـــانەیە شـــتێکی زۆر بـــێ مانـــایە، بەڕاســـتی مـــن پـــێم وایە ئەمە گونـــاهێکی زۆر گەورەیە، کە بەســـەر ئـــێمەی کـــچ و ژنەکانـــدا دێـــت لە لایەن خواوە...).**

**لاندێریا قسەکانی پێ دەبڕێت و دەڵێت:**

**(بێدەنگ بە، ئێستا فرێمان دەدەنە دەرەوە).**

* * *

دوای چەند ڕۆژێک و کەم کەم نزیک بوونەوە لە کوتایی وەرزی دووەمی خوێندن، هامون دڵی لەلایەک و هزری لەلایەکی ترە، بەڵام بۆ ئەوەی لەلای هاوپولەکانی و لای نیکۆ بە کەسێکی زیرک و سەرکەوتوو بکەوێتە پێش چاو، خۆی ماندوو دەکات و سەخت دەخوێنێت، هەوڵدەدات نمرەیەکی بەرز بهێنێت، بۆ ئەوەی بچێتە وڵاتێکی تر و خوێندنەکەی تەواو بکات، نیکۆی هاوڕێی، چەند جارێک داوای لێ کردووە کە نزیک ببێتەوە لە جولیا و پێی بڵێت خۆشم دەوێیت، بەڵام هامون دەی ووت:

(لە قوتابخانە ئەم هەڵسوکەوتە جوان نییە، ئەم پەیوەندیانە زیاتر بە چاوی خوشک و برا سەیر دەکرێن، من پێم باشە لەدەرەوەی قوتابخانە ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ جولیادا بکەم، هەروەها من زیاتر گرنگی بە خوێندنەکەم دەدەم تا جولیا، لەدوای ئەوەش من زیاتر حەزدەکەم ببم بە هاوڕێی تا پێی بڵێم خۆشم دەوێیت).

دوای چەند مانگ و وەرگرتنی نمرەکانی کوتایی وەرزی قوتابخانە، نیکۆ نمرەکانی وەردەگرێت، هەرچەند نمرەکانی لە هامون کەمتر بوو بەڵام ڕاستەوخۆ دەچێتە لای هامون و خۆشحاڵی خۆی بۆ هاوڕێیەکەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

(بەڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە نمرەیەکی بەرزت هێناوە، بە هیوای ئومێدێکی گەش هاوڕێگیان).

هــامون: زۆر ســوپاس هــاوڕێیەکەم، نمرەکــانی تــۆش زۆر بــاش بــوون، بەهیــوای ئومێــدێکی گەشــتر، دەمەوێــت ئەمشــەو خــۆت ئامــادە بــکەی، ئەمشەو دەبیتە میوانی من، دەچین بە خۆشی خۆمان دەخۆینەوە.

بەڵام لەم بەینــەدا، تەنیــا کەسێک کە خۆشــحاڵ نییــە، جولیــایە، چــونکە لانــدێریایی هاوڕێشــی نمرەیەکــی باشــی هێنــابوو، تەنیــا نمرەکــانی جولیــا خــراپ بــوون، بــۆیە دەبێــت لە ســاڵی داهــاتوودا لە هەمــان پــۆل بخوێنێــت، لانــدێریا دەچێــتە لای و پێــی دەڵێــت کە چەنــدە غەمبــارە، بەڵام جولیــا لەبەر گریــان ناتوانێــت قســە بکــات، بە پەژارە و فرمێســک و تــوڕەییەوە، بەرەو مــــاڵەوە دەڕوات. ئەو ڕۆژە جولیــــا لە مــــاڵەوە هەوڵــــی خۆکشــــتن دەدا، نەک لەبەر نمرەکـــــانی، بەڵکـــــو لەبەر لە دەســــتدانی لانــــدێریا، هەروەهــــا ونبــــوون لەبەر چاوەکــــانی هــــامون، بەڵام دواتــــر لە هەوڵــــی خۆکوشتنەکەی پەشیمان دەبێتەوە.

شــەو کە دادێــت، بــاوکی نیکــۆ بەهــۆی ســەرکەوتنی لە قوتابخــانەدا، وەک دەربڕینــی خۆشەویســتی بــۆ کــوڕەکەی، ئوتــومبێلێکی(لینکــولن)ی بــۆ دەکڕێــت و ماســیەکی بچــوکی ناوشوشەشــی بــۆ دەهێنێــت، بــۆ ئەوەی بەخێــوی بکــات، نیکۆش بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی دەکات و بە باوکی دەڵێت:

(ئەم ماســیە تەنیــایە، مــن بەیــانی ماســیەکی تــریش دەهێنــم، بــۆ ئەوەی هەردووکیان پێکەوە بژین).

ئەمە یەکەم ئێوارە بوو، کە هەرسێکیان پێکەوە لەسەر مێزێک نانی ئێوارە بخۆن، نیکۆ زۆر خۆشحاڵە کە لەگەڵ دایک و باوکیدا دانیشتووە، ئەم ئێوارەیە ببوو بە ئێوارەیەکی مێژوویی بۆ هەموویان ، پاش چەند خولەکێک هامون لە دەرگایی ماڵیان دەدات و بە نیکۆ دەڵێت:

(حەزدەکەم بچین بۆ دەرەوە و کات بەسەر ببەین، وابزانم لە بیرت چووە کە ئەمشەو میوانی منی؟! دەبێت بچین بە خۆشی هەردووکمان بخوینەوە).

نیکۆ: ئوف، بمبوورە، خەریکبوو لە بیرم دەچوو لە خۆشحاڵیان، باشە بەچاوان، بەلأم یەک خولەک تا من چاکەتەکەم دەهێنم...

هامون: باشە، بڕۆ.

پاش نیو کاتژمێر پیاسە، هامون و نیکۆ دەچن بەرەو مەیخانەکەی باوکی لاندێریا، هەندێک مەشروب(ئەلکهول) دەهێنن، دواتر دەچن بەرەو یاریگایە کۆنەکەیان دادەنیشن، دەست دەکەن بە خواردنەوە و گفتوگۆ کردن لەگەڵ یەکتردا، نیکۆ ڕوو دەکاتە هامون و پێی دەڵێت:

- ئەمشەو شار زۆر بێدەنگە!

- چەند ساڵ پێش لەبیرت چووە؟! کە لەبەر هاواری خەڵک کەس ئاگایی لە کەس نەبوو؟ بەلأم خۆشبەختانە ئەو خەونە ناخۆشە کوتایی هات.

- بەڵـێ ڕاسـتە... مـن هەمیشـە دەمزانـێ تـۆ لە مـن زیرەکتـری، کەسـێکی لێهـاتووی، نەترسـێی، لە ئێسـتادا بەهرەداریـت پێـوە دیـارە، بـۆیە نمرەکانت لە هی من بەرزتر بوون.

- زۆر سـوپاس هاوڕێگیـان، تـۆ هەمیشـە هـاوڕێ و خۆشەویسـترین کەسـی منی، ئەم سەرکەوتنە قەرزداری باوکمم.

- بەڵـێ وایە، دەمویسـت بڵـێم بـاوکم ماسـییەکی کڕیـووە بـۆم، دەمەوێـت بەیانی ماسییەکی تریش بهێنم بۆ ئەوەی پێکەوە بژین.

- منیش حەزم لە ماسییە، بەڵام ماسی باڵدار.

- بەڕاست؟! من تا ئێستا ماسی باڵدارم نەبینیووە!

هامون دەستی بە پێکەنین کرد و ووتی:

- منـیش نەمبینیـووە، تەنیـا لەسـەرم خوێنـدوتەوە، پـێم بڵـێ نمرەکـانی جولیا چۆن بوون؟

- گـوێم لێبـوو، لە یەکێـک لە هاوپولەکانمـان، ووتـی کە نمـرەی خراپـی بەدەست هێناوە.

- بەڕاسـت؟ ئەم هەواڵەم زۆر پـێ نـاخۆش بـوو، وامـدەزانی ئەویـش دەردەچێت لەم قوناغەدا.

دوای چەنـد خولەکێـک دانیشـتن، هەردووکیـان دەخـونەوە و گفتوگـۆ دەکەن، لەم بەینەدا هامون ڕوودەکاتە نیکۆ و پێی دەڵێت:

- دەمەوێت شتێکت پێبڵێم، بەڵام نامەوێت نێو چاوانت گرژ ببێت و دڵتەنگ ببیت لێم...

- بڵێ بزانم، دەتەوێ چی بڵێی؟!

- من...

- من چی؟؟!

- دەمەوێت بڕۆم...!

- بۆ کوێ؟!

- دەمەوێت لە وڵاتێکی تر بخوێنم، دەزانم چەندە لە من نزیکی، دەزانم حەزناکەی، بەڵام قسەم لەگەڵ "پامیلا و فێڵمینگدا" کردووە.

- هاوڕێگیان، دەتوانی لە یەکێک لە زانکۆیەکانی ئێرە بخوێنی، هەروەها نامەوێت لێم دوور بکەویتەوە...

- ئەوە دەزانم، بەڵام ئەمە یەکێک لە ئاواتەکانی باوکم بوو، ئەمە تەنیا شتێکە، کە دەتوانم لە پێناو ئەودا بەجێبهێنم.

- باشە هاوڕێگیان، بەڵام حەزدەکەم سەفەرەکەت درێژخایەن نەبێت.

- ئیتر ئەوە لەدەست مندا نییە، تەنیا داوایەکم لە تۆ هەیە...

- بڵێ هاوڕێگیان...

- پێویستیم بە هەندێک پارە هەیە، تا دەگەم بە شوێنەکەم، دواتر بۆ خۆم پیشەیەک دەدۆزمەوە و بەردەوام دەبم لە خوێندنەکەم، بۆیە داوای هەندێک پارەت لێدەکەم.

- داواکەت تەنیا ئەمە بوو؟ بەدڵنیاییەوە هاوڕێگیان، بەیانی بۆ تۆی ئامادەی دەکەم، تۆ خەمی ئەوەت نەبێت، بەخۆشی خۆمان، "پێکی" مەشروبەکەت بهێنە بۆ ئەوەی دیسان بخۆینەوە.

- سوپاس، من کەم کەم خەریکە مەست دەبم، هەروەها لەم هەفتەیەدا خۆم ئامادە دەکەم بۆ ڕویشتن...

- ئەم بۆتڵە شەرابە بە خۆشیی تۆ تەواو دەکەین، کە خۆت ئامادە کردووە بۆ سەفەر.

- زۆر سوپاس، هاوڕێگیان من... من هەندێکجار پێموایە ئێمە دەبێت نەمر بین!

- هەر مرۆڤێک لە دونیایەکی تر و لە خەیاڵێکی تر دەژیت، من وا بیر دەکەمەوە کە نەمرین، بەڵام لەم جیهانەدا نە لە شوێنێکی تر، کە دیار نییە، پێم وایە هەندێک کەس هەستی واقیعیانە لە مرۆڤدا دەسڕنەوە، ئەمە وای لە تۆ کردووە کە تێڕوانینی جیاوازت هەبێت دەبێت بەرەو ماڵەوە بچین، ئەوە نزیکەی سێ یان چوار کاتژمێرە کە لێرە دانیشتووین.

- باشە، هاوڕێگیان.

دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێک، ئەوان دەکەونە ڕێگادا، پاش ئەوەی دەگەن بە ماڵەکانیان، هامون ڕووەدەکاتە نیکۆ پێی دەڵێت:

- بەیانیت لەبیر بێت، کە بچی بۆ کڕینی ماسییەکی تر، ماڵئاوا...

- بە چاوان.

پێـــدەچێت هـــامون بەهـــۆی ئەوەی زۆری"مەی" خواردبـــووە، بەتەواوی مەســـت بۆبێـــت، کاتێـــک دەچێـــتە مـــاڵەوە، یەکســـەر بەرەو حەمـــام دەچێـــت و دەرشـــێتەوە، دواتـــر حەمامێـــک دەکـــات، بـــۆ ئەوەی بێـــتەوە هـــۆش خـــۆی، پاشـــان دەچێـــت بـــۆ ســـەر جێگـــای نووســـتنەکەی، بەڵام خەوی لێناکەوێـــت، ئەمە جـــاری یەکەم نییە، چـــونکە هـــامون هەمیشـــە درەنگـــانی شـــەو خەوی لێـــدەکەوێت، ئەو دەیەوێـــت بیـــر نەکـــاتەوە، بەڵام ناتوانێـــت، دیســـان بیـــر دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(مرۆڤەکـــان دەتـــوانن، هەســـت و ســـۆزە شـــاراوەکانی خۆیـــان بە دیـــار بـــخەن، بەڵام زۆربەی کەســـە نەزانەکـــان هەســـتی واقیعیـــانە لە مرۆڤـــدا دەســـڕنەوە، ئەمە وای کردووە مرۆڤە تێگەیشتووەکان ڕەشبین بن بە ژیان).

هـــامون وا بیـــر دەکـــاتەوە گەر بچێـــت بـــۆ وڵاتێکـــی تـــر بخوێنێـــت، جولیـــاش چـــاوەڕێی ئەو دەبێـــت، ئەو وادەزانێـــت شـــتەکان وەک خۆیـــان دەمێنـــنەوە، کـــێ دەزانێـــت؟ لەوانەیە هەر وابێـــت، دوای چەنـــد خولەکێـــک هـــامون بەتەواوی خەوی لێدەکەوێت.

بەیـــــانی دادێـــــت و هـــــامون بەخەبەر دێـــــتەوە، دەبینێـــــت کـــــاتژمێر (١٠:٠٣)خـــــولەکی بەیـــــانییە، دەچێـــــت دەموچـــــاوی دەشـــــوات و قـــــاوەیەک دروســـــت دەکـــــات، پاشـــــان دەچێـــــتە ســـــەر کورســـــییەکە دادەنیشـــێت و کتێـــب دەخـــوێنێتەوە، تـــا ئەوەی قـــاوەکە ئامـــادە ببێـــت، لەناکـــاو کەســـێک لە

دەرگـــا دەدات، پـــامیلا بـــانگی هـــامون دەکـــات بـــۆ ئەوەی دەرگـــایەکە بکـاتەوە، دەرگـا زیـاتر دەنگـی لێـوە دێـت... پێـدەچێت کەسـەکە زۆر شـپرزە و تـوڕە بێـت، هـامون کە دەرگـایەکە دەکـاتەوە، دەبینێـت نیکـۆیە! پێـی دەڵێت چی ڕوویداوە؟ بۆ ئەوەندە شپرزەی؟!

پامیلا: ئەوە کێیە؟

هامون: نیکۆی هاوڕێمە.

نیکۆ: من دوێنێ شەو ماسییەکەی خۆمم بۆ باسکردی، وانییە؟

هامون: ئێ، وایە، وەرە دانیشە قسە بکە، بزانم چی ڕوویداوە؟

نیکـۆ: مـن چـووم ماسـییەکی تـرم کـڕی، پاشـان هێنـام بـۆ مـاڵەوە، لە لای ماسییەکەی تـرم دانـا بـۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتـردا بـژین، بەڵام پـاش چەنـد خولەکێـک ماسـییەکە مـرد...! دواتـر گەڕامەوە بـۆ لای دوکـانەکە، قسـەم لەگەڵ فرۆشیارەکەدا کرد، ئەو ووتی:

(ئەو جـۆرە ماسـییە تـایبەتن، هەروەهـا جیـاوازن لەگەڵ ماسـییەکانی تـردا، بـۆیە دەبێـت لەنـاو ئـاوی سـووێردا بژیـت). هـامون ئێسـتا مـن خـۆم بە کەسێکی گەمژە دەزانم، بەرامبەر بە تۆ...

هـامون: منـیش ئەوەم نەدەزانـی، کەواتە تـۆ تاوانبارنیـت و پێویسـت بەم قسانە ناکات.

نیکۆ: من وا هەست دەکەم شتێک خەریکە دەسووتێت!!!

هامون: ئوووو، قاوەکە سووتا...

نیکۆ: ناتوانین ئەم قاوەیە بخوینەوە..! هەمووی سووتاوە.

هامون: بەڵێ، وایە، هەردووکمان ئەمڕۆ بێ شانسیمان هێنا. کەواتە با بچین لە قاوەخانە بخوینەوە.

پاش ئەوەی دەچن دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن، نیکۆ ئەو بڕە پارەی کە هامون داوای لێکردبوو دەیداتێ، هەروەها باسی ئەوەش بۆ هامون دەکات کە دواتر بچێت چەند ماسییەکی جوان بکڕێت و بەخێویان بکات، هامونیش دەست دەکات بە قسەکردن و خۆ ئامادەکردنی، بۆ چەند مانگێکی تر کە سەفەر بکات. بەڵام ئەوەی کەس ئاگایی لێ نییە جولیایە، چونکە بەهیچ شێوەیەک لەماڵ نایەتەدەرەوە، تەنیا لاندێریایی هاوڕێی هەندێک جار دەچێت بۆ بینینی، چونکە تەنیا لاندێریا ئاگای لە کێشە و بەدبەختییەکانی جولیا هەبوو، جولیاش ئاگای لەوە نییە کە هامون خەریکە دەڕوات، چونکە چەند ڕۆژ پێش وەرگرتنی نمرەکانیان دەیویست گفتوگۆ لەگەڵ هاموندا بکات، بەڵام لە بێ شانسی جولیا دەرفەتی بۆ نەڕەخسا.

❊ ❊ ❊

چەنـد مانگێـک تێـدەپەڕن و ئێسـتا کـاتی سـەفەرکەی هـامونە، نیکـۆ داوای لێـــدەکات، کە تـــا هێڵـــی شـــەمەندەفەر لەگەڵ هـــاوڕێیەکەی بـــڕوات، هامونش بە خۆشحاڵیەوە قبوڵ دەکات و دەڵێت:

(دەبێـــت زوو بـــڕۆین تـــا چەنـــد خـــولەکێکی تـــر شـــەمەندەفەر دەکەوێـــتە ڕێگادا).

پاشـــان بەرەو ئێســـتگەی شـــەمەندەفەرەکە دەڕۆن. کە دەگەن بە شـــوێنی مەبەسـت، هـامون نزیـک دەبێـتەوە لە نیکـۆ، دواتـر لە باوەشـی دەکـات پێـی دەڵێت:

- کاتێـک گەیشـتم بە شـوێنەکەم، پەیوەنـدیت پێـوە دەکەم و چـاوەڕێی پەیوەندییەکەم بکە.

- بە چاوان، ئاگات لە خۆت بێت.

- خوات لەگەڵ.

- خوات لەگەڵ هاوڕێکیان.

هـــامون خەریـــکە دەڕوات، ئەم ســـەفەری وای کـــردووە یەکێـــک لە خۆشـحاڵیەکانی نیکـۆ لەنـاو بچێـت. بەڵام نیکـۆ ناچـارە ئەم حەزە کەوی بکـات، چـونکە ئەمە خواسـتی هـاوڕێیەکەی بـوو. دوای تێـپەر بـوونی چەنـد ڕۆژ بەسـەر سـەفەرەکەی هـامون، لانـدێریا دەچێـت بـۆ بینینـی جولیـا، بـۆ ئەوەی یـارمەتی بـدات و بچێـت لەگەڵ هامونـدا گفتوگـۆ بکـات، بـۆ ئەوەی جولیـــا لە تەنیـــایی دەربێـــت، بەڵام لە کـــوێ؟! لانـــدێریا شـــوێنەکەیان

دەزانێت، چونکە لە هەر چەند شەو جارێک هامون و نێکۆ سەردانی مەیخانەکەی باوکی دەکەن، بەڵام نازانێت لە چ کاتێک هەردووکیان سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، بۆیە لاندێریا و جولیا ڕۆژی یەکەم و دووەم تا درەنگانی شەو چاوەڕوانی ئەوان دەبن، بەڵام ئەوان بەدیار ناکەون، تا ئەوەی ڕۆژی سێیەم و درەنگانی شەو دادێت، لە ناکاو نیکۆ لە دەرگای مەیخانەکە دەچێتە ژوورەوە، جولیا ئەو دەبینێت، بەڵام هامونی لەگەڵدا نییە! جولیا وا هەست دەکات شتێک ڕوویداوە، لاندێریا خۆی شیرین دەکات و دەچێت بۆ لای نیکۆ، پێی دەڵێت:

(ئەی هاوڕێیەکەی ترت لە کوێیە؟)

نیکۆ: بۆچی دەپرسیت؟!

لاندێریا: "جولیا"ی هاوڕێم دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات، سەبارەت بە خۆیان.

نیکۆ: پێم وایە درەنگ هاتووە بە دوای ئەودا، چونکە ئەو سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات کردووە، گەڕانەوەکەی دیار نییە.

لاندێریا: ناونیشانی ئەوت لە لایە؟

نیکۆ: نەخێر، ئەو هێشتا هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەکردووە، بۆیە منیش هیشتا ناونیشاکەی ئەوم نییە.

لاندێریا: سوپاس...

پاشــــان نیکــــۆ دەچێــــتە ســــەر کورســــییەک دادەنیشــــێت و داوای "کونیــــاک" دەکات، لاندێریاش بە پەروشەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای جولیا.

جولیــــا: ئــــێ چــــی ووت؟ بــــۆچی هــــاوڕێیەکەی لەگەڵــــدا نیــــیە؟ بــــۆچی پەروشیت؟

لاندێریا: ئەو... ئەو سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە!

جولیا: چــــی؟ ئای من چەندە بێ شانسم، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵ.

ئەو شــــەوە جولیــــا بە بێزارییەکــــی تەواو ڕوو لە مــــاڵەوە دەکــــات، بەڵام ئەمە ســــەرەتایی ناخۆشــــیەکانی جولیــــا بــــوو، هەروەهــــا ئەو بەتەواوی بــــێ ئومێد دەبێت لە هامون.

* * *

چەنـد ڕۆژێـک تێـپەڕن و نیکـۆ هێشـتا هـیچ هەواڵـی هـاوڕێیەکەی نیـیە. جولیـــاش گەڕاوەتەوە بـــۆ قوتابخـــانە و بـــۆ ئەوەی خوێنـــدنەکەی تەواو بکـــات، ئەمە ســـەختە بـــۆ ئەو، بەڵام ناچـــارە خـــۆی لەم قۆنـــاغە ڕزگـــار بکـــات، لەو چەنـــد ڕۆژانەی کە دەچـــوو بـــۆ قوتابخـــانە، مێشـــکی بەتەواوی ئـــاڵۆز ببـــوو، هەروەهـــا هەمـــوو ئەرکەکـــانی مـــاڵەوەش لە ئەســـتووی ئەودا بـــوون، پێـــدەچێت دیســـان نمـــرەی خـــراپ بەدەســـت بهێنێـــت، بـــۆیە یەکێـــک لە ماموســـتایەکانی کە ماموســـتای ئـــایینی بـــوو، داوای لێـــدەکات کە ســـەردانی بکـــات بـــۆ ئەوەی یـــارمەتی بـــدات لە بەدەســـت هێنـــانی نمـــرەدا، لەو چەنـــد ڕۆژانەی کە جولیـــا دەچـــووە لای ئەو بـــۆ خوێنـــدن، ماموســـتایەکە کەم کەم خـــۆی نزیـــک دەکـــردەوە لە جولیـــا، بەم شـــێوەیە بـــۆ ئەوی جولیـــا نمـــرەی بـــاش بهێنێـــت، داوای خۆبەدەســـت دانەوەی لێـــدەکات، داوای لێـــدەکات کە سێکســـی لەگەڵـــدا بکـــات، پێـــدەچێت ماموســـتایەکە ئارەزووەکـــانی "سێکســـی پیـــری" هەبێـــت، لەم بەیـــنەدا جولیـــا دەبێـــت چـــی بکـــات؟! دەبێـــت ســـێکس لەگەڵ ماموســـتایەکەیدا بکـــات؟ کە چەنـــد ســـاڵ لەخـــۆی گەورەتـــرە؟! جولیـــا بە ناچـــاری ئەم داوایە قبـــوڵ دەکـــات. چـــونکە ئەمە تـــاکە ڕێگـــایە لەبەردەم ئەودا. یەکەم جـــار ماموســـتایەکە لە قوتابخـــانە ئەم ڕەفتـــارانەی لەگەڵـــدا دەکـــات و تەنیـــا دەســـتی لێـــدەدات، پـــاش چەنـــد ڕۆژێکـــی تـــر، داوا لە جولیـــا دەکـــات پـــێکەوە بچـــن بـــۆ مـــاڵەکەی، بـــۆ ئەوەی لە قوتابخـــانەدا، کەس بە مەســـەلەکە نەزانێـــت، جولیـــاش قبـــوڵ دەکـــات و

دەچێــت، لە ڕاســتیدا ئەم پەیوەنــدییە جولیــا دەترســێنێت، چــونکە جــاری یەکەمییەتــی، هەروەهــا کــارێکی دروســت نیــیە، کە دەچــن بەرەو مــاڵی ماموســتایەکە، ماموســتایەکە پێــی دەڵێــت کە جلەکــانی داکەنێــت، بــۆ ئەوەی دەســت بەکــارببن! ماموســتایەکە ســەرەتا دەســت لە ســینگ و قاچەکــانی دەدات، تــا ئەوەی جولیــا هــاوار دەکــات، بەڵام ماموســتایەکە دەست لەســەر دەمــی دادەنێــت و سێکســێکی تونــدڕەوانە لەگەڵیــدا دەکــات، ئەمەش وای لە جولیــا کــرد کە خــۆی لەدەســت دەربچێــت، نەیــدەتوانی بەرگــری لەخــۆی بکــات، لە پێشــەوە پەردەی کچێنــی جولیــا لادەبــات، دواتــر جولیــا ڕەنگــی ســوور دەبینێــت!! ئێســتا ئەو ژنێکــی بچــووکە تــا کچێک، پاش چەند خولەکێک ماموستایەکە پێی دەڵێت:

(بــڕو مــاڵەوە، بەیــانی دەست بە خوێنــدن دەکەیــن، چــونکە ئەمــڕۆ کــاتێکی خۆشمان بەسەر برد).

جولیــا دەچێــتە مــاڵەوە، بەڵام لە ژوورەکەی نــایەتە دەرەوە، بــۆ ئەوەی کەس بە مەســەلەکە نەزانێــت، چــونکە چاوەکــانی وەک ئەو گــوڵە وابــوو کە لەژێــر تیشــکی خــۆر لار ببــوون، شــەو دادێــت و ئەو خەوی لێناکەوێــت، لەبەر گریــان و ئــازاری ئەنــدامی مێیــنە. دوای چەنــد ڕۆژێــک دیســان دەچێــتە لای ماموســتایەکەی و سێکســی لەگەڵ دەکــات، ئیتــر ئەمە ببــووە بە بەشــێک لە ژیــانی جولیــا، ئەم پەیوەنــدیانە چەنــد ڕۆژ جارێــک دووبــارە دەبــوونەوە، هەنــدێک جــار لە قوتابخــانە و هەنــدێک جــار لە

مـــاڵی ماموســـتایەکەیدا، کوتـــایی قوناغەکـــانی خوێنـــدنی جولیـــا بەم شـــێوەیە تەواو دەبێـــت، بەڵام ئازارەکـــانی هـــیچ کاتێـــک تەواو نـــابن، هەمـــــوو شـــــەوێک لەبەر ئەو ئـــــازارەی کە لایەن ماموســـــتایەکەیەوە پێگەیشـــتبوو دەینالآنـــد خەونـــی پێـــوە دەبینـــی، هەنـــدێک جـــاریش بەهـــۆی ئەو ئـــازارەی کە لەلایەن خـــواوە بـــۆ ئـــافرەت ڕەوانەکـــراوە دەینالآنـــد(واتە سووڕی مانگانە).

* * *

مانگێـــــک بەســـــەر ئەم ڕووداوانەدا تێـــــدەپەڕێت، جولیـــــا ئێســـــتا لە زانکوی"بەهەشـــت" دەخوێنێـــت لە شـــارێکی تـــر، لەو مـــاوەیەدا نـــامەیەک دەگات بە دەستی نیکۆ لەلایەن هامونەوە، کە نووسراوە:

"بـــۆ باشـــترین هـــاوڕێی ژیـــانم" مـــن لەم شـــوێنە خەریکـــی کـــارکردن و خوێنـــدنم، کەم کەم پارەکەشـــت بـــۆ دەنێـــرم، لە مـــاوەی چەنـــد مانگێکـــدا هەمـووی دەگـاتە دەسـتت، دەبێـت بمبـووری، چـونکە درەنـگ نـامەم بـۆ تـۆ نووســی، دەمویســت لە ڕێــگەی تەلەفــۆنەوە پەیوەنــدیت پێــوە بــکەم، بەڵام بەهــۆی کێشــە تەکنییەکــانی ئەم باڵەخــانەیە نەمتــوانی، هیــوادارم ســەلامەت بــی، دەمەوێــت بڵــێم ئەمــڕۆ چــووم بــۆ بــازاری شــتی کەونە، مــن ســـندوقێکی زۆر جـــوانم کڕیـــوە، کە لە دار"مـــازوو" دروســـت کـــراوە و بە ڕەنگـــی ســـوور نەخشـــێنراوە، بەڵام بە نرخێکـــی زۆر، چـــونکە ســـندوقەکە زۆر کـۆن دیـارە، مـن لێـرە زۆر شـتی بـاش فێربـوومە، لەنـاو جیهـانی کتێـب دەژیــم، ئەوەش بڵــێم مــن خەریــکە کتێبێــک دەنووســم، هەروەهــا کوتــایی هەفتەکـانم هەنـدێکجار دەچـم بـۆ سـینەما، هەنـدێک جـاریش دەچـم بـۆ دەرەوەی شـار، بـۆ ئەو شـوێنانەی کە پـڕن لە سـەوزایی، هەروەهـا ئەسـپ ســـواریش دەکەم، ئەم شـــارە ناوی"پاریس"ـــە، مـــرۆڤ لێـــرە بێـــزار نابێـــت، ئەمەش ژمـــارە تەلەفـــۆنەکەمە و دواتـــر پەیوەنـــدیم پێـــوە بـــکە ، ڕێزێکـــی بێ پایان بۆ باشترین هاوڕێم". لەلایەن (هامون)ەوە.

ئەم نـــامەیە بە تەواوی نیکــۆ خۆشــحاڵ دەکـــات، شــەو دادێـــت و نیکـــۆ دەچێـت بەرەو مەیخـانەکەی بـاوکی لانـدێریا، چـاوەڕوانی ئەو دەکـات، تـا ئەوەی بێـت بـۆ مەیخـانە و گفتوگـۆی لەگەڵـدا بکـات، کە لانـدێریا دێـت، دەچێتە لای و پرسیاری جولیایی لێدەکات و دەڵێت:

(هـامونی هـاوڕێم نـامەی بـۆ نـاردووم ئێسـتا ژمـارە تەلەفـۆنی ئەوم لەلایە، من دەبێت جولیا ببینم و ژمارەکەی بدەمێ).

بێـدەنگییەک... پاشـان لانـدێریا بە پەژارەوە سـەیری نیکـۆ دەکـات و دەڵێت:

(ئەو ئەم شـارەی بەجێهێشـتووە، تـا ئێسـتا هـیچ پەیوەنـدییەکی بە مـنەوە نەکردووە...).

نیکـۆ بە پەروشـیەوە ئەم هەواڵە دەبیسـتێت، چـونکە جولیـا چـووە بـۆ شـارێکی تـر، و هـیچ پەیوەنـدییەکی بە لانـدێریایەوە نەکـردووە، نیکـۆ دەیەوێـت ئەم هەواڵە بە هـامون بـدات، دواتـر بیـر دەکـاتەوە کە هـاوڕێیەکەی لەو شـوێنە خۆشـحاڵە، بـۆیە ناتوانێـت ئەم کـارە بکـات و ببێـتە هۆکـاری گەڕانەوەی هـاوڕێیەکەی، چـونکە گەر هـامون بگەڕێـتەوە، دەچێـت و هەوڵـی دۆزیـنەوەی جولیـا دەدات، نیکـۆ دەزانێـت تـا چەنـد ڕۆژێکـی تـر تەلەفـۆنەکەی هـامون کارناکـات، بـۆیە دەست دەکـات بە نـامە نووسین بۆ هامون.

"بـۆ ئـازیزترین هـاوڕێم، بەڕاسـتی مـن زۆر نیگەرانـی تـۆ بـوم، هەفـتەی پێشـوو لەگەڵ پـامیلا و فلیمینگـدا دانیشـتبووم، دەمویسـت بەدوای تـۆدا بـێم، زۆر خۆشـحاڵم کە نـامەکەی تـۆ بە دەسـتم گەیشـتووە، پێویسـت ناکـات پـارەکەم بـۆ بنێـری، بە ڕاسـتی خۆشـحاڵیەکانی تـۆ وای لە مـن کـردووە هەسـت بە ئـارامیەکی گەورە بـکەم، منـیش کوتـایی هەفتەکـانم دەچـم بـۆ "کلاب"ێکـی ڕەشپێسـتەکان و گـوێ بـۆ موسـیقای جـاز(Jazz)ڕادەگـرم، هیـوادارم لەش سـاغ و سـەلامەت بیـت. هـاوڕێی دڵسوزت (نیکۆ)".

پـاش ئەوەی کە جولیـا لە زانکۆی"بەهەشـت" سـەرقاڵی خوێنـدن دەبێـت و هـاوڕێیەکی نـوێ دەدۆزێـتەوە بە ناوی(عایشـە)کە کـچە موسـڵمانێکە، لە ڕێـگەی ئەودا بیـروکەی موسـڵمان بـوون دەکەوێـتە هـزری جولیـادا، وە دواتـر جولیـا دەبێـت بە موسـڵمان، لە ڕێـگەی عایشـەوە جولیـا هـاوڕێیەکی کـوڕ دەدۆزێـتەوە بەنـاوی (ئەلبێـرو)، هێشـتا ئەم سـەرقاڵەییەیی جولیـا وای نەکـردووە ڕووداوەکـانی پێشـتر لە بیـر بکـات، بەتـایبەت پەیوەنـدییەکانی نێـوان خـۆی و ماموسـتایەکەیدا، بەڵام پێشـتر عایشـە ڕێگـایی بـۆ ئـاسان کردبـوو، پێـی ووتبـوو کە لە ئـایینی ئیمەدا تـوبە کـردن و لێخـوش بـوون هەیە، هەرچۆنێـک بێـت جولیـا لە زانکـۆدا لەگەڵ کەسـانێکدا ئاشـنابووە، کە بەتەواوەتـی گوڕانکاریـان خـراوتە نێـو ژیـانی،

بەتـــايبەتی ئەلبێـــرو، چـــونكە كەســـێكی زیـــرەک و لێهـــاتووە، هەروەهـــا لە بنەماڵەیەكی خانەدانە.

❊ ❊ ❊

پـاش چەنـد مانگێـک و مـانەوە لەگەڵ یەکتـردا، پەیوەنـدییەکەیان دەبێـتە پەیوەنـدی خۆشەویسـتی، ئەلبێـروش داوای هاوسـەرگیری لەگەڵ جولیـادا دەکـات، هەرچەنـدە جولیـا هێشـتا نـاوەکەی هـامونی لەبیـر مـاوە، بەڵام شـێوە و ڕوخسـاری لەبیـر چـووە، بـێ ئومێـد بـوونی ئەو وای کـردووە کەم کەم هـامونی لە یـاد نەمێنێـت، بەڵام تەنیـا داوایەکەی ئەلبێـرو دەتوانێـت گۆڕانکـارییەکی تەواو بخـاتە ژیـانی، جولیـا داوایەکەی قبـوڵ دەکـات، بەڵام بەو مەرجەی هاوسـەرگیرییەکە پـاش تەواو بـوونی زانکـۆ ئەنجـام بدرێت.

هـامون پێـنج سـاڵ لە پـاریس دەمێنێـتەوە و خوێنـدنەکەی تەواو دەکـات، لە مـاوەی ئەم پێـنج سـاڵەدا جولیـاش چـوار سـاڵەکەی لە زانکـۆیەکەی تەواو دەکـات، ئەم مـاوەیە وای لە جولیـا و ئەلبێـرو کـرد زیـاتر بیـر لە هاوسـەرگیری بـکەنەوە، پـاش هەوڵ و کۆششـێکی زۆر ئەم دووانە توانیـان زانکـۆ تەواو بـکەن و بـبن بە هاوسـەری یەکتـری، بەم شـێوەیە جولیـا دەبێتە ماموستای(کۆمەڵناسی) مێردەکەشی دەبێتە دکتۆر.

چەنـد سـاڵێک تێـدەپەڕێت بەسـەر ژیـانی ئەم دووانە، بەڵام ژیـانی ئەمـانە زۆر جیـاوازترە لەوەی کە جولیـا بیـری لێـدەکردەوە، چـونکە ئەمـانە زۆر بە کەمـی یەکتـر دەبیـنن، ئەوان دەیانوویسـت زیـاتر لەیەکتـری نزیـک بـبن، بەڵام پیشـەکەی ئەلبێـرو وای کـردووە لەیەکتـر دوور بمێننەوە.

لەو مــاوەیەدا هــامون دەگەڕێــتەوە، کە دەگەڕێــتەوە یەکســەر دەچێــتە لای نێکــۆ، ئەم گەڕانەوەی هــامون لەناکــاو بــوو، کە دەچێــتە مــاڵەکەی نیکــۆ، دەبینێــت نیکــۆ بە تەنیــا دەژیــت! دادەنیشــن و گفتوگــۆ دەکەن. هــامون بە نیکۆ دەڵێت:

- زۆر خۆشحاڵم کە دووبارە لە نزیکەوە یەکتر دەبینین.

- زۆر سوپاس بۆ تۆ هاوڕێیەکەم، بە گەڕانەوەت زۆر خۆشحاڵم.

- دایک و باوکت لە کوێن...؟

- دووساڵ پێش لە ڕووداوێکی ئوتومبێڵ گیانیان لە دەست دا...

- زۆر بەداخەوەم، مــن... ئەوەم نەزانیبــوو، بەڕاســتی ئەم هەواڵە نیــوی جەستەی منی بێ گیان کرد، دەبێت ئەم هەواڵەت بە من گەیاندبا!

- نەمدەویســت ئەم هەواڵە تــۆی هــاوڕێم بریــندار بکــات، ئێســتا مــن و تــۆ هەردووکمان هاودەردین... پێم بڵێ بۆچی گەڕانەوەکەت لەناکاو بوو؟

- لەم چەنــد ســاڵەی کۆتایــدا ماســتەرم بەدەســت هێنــاوە، لە بەشــی"ئایین و شــەریعەت". یەکێــک لە ماموســتایانی هــاوڕێم پەیوەنــدی پێــوە کــردم ، کە دەتــوانم لێــرە بــبم بە ماموســتای زانکــۆ، منــیش قبــوڵم کــرد و گەڕامەوە، تۆ ئێستا خەریکی چیت؟

- من کومپانیاییەکەی باوکم سەرپەرشتیاری دەکەم.

- زۆر باشە، تۆ ناتەوێت هاوسەرگیری بکەیت؟!

- نەخێر، تۆ چی؟

- نـا، دەمەویـت پرسـیاری هـاوپۆلێکی کـۆن لە تـۆ بـکەم، کە نـاوی جولیـا بوو چی بەسەر هات؟

- دوای ڕویشـتنی تـۆ، ئەوم بینـی و گفتوگـۆم لەگەڵ هاوڕێیەکەیـدا کـرد، پـێم ووت کە سـەفەری وڵاتێکـی تـرت کـردووە، یەک سـاڵ پـاش ڕوویشـتنی تـۆ، ئەویـش ئەم شـارە بەجێـدەهێڵێت، مـن پـێم وانەبـوو هێشـتا ئەوت لەبیـر مابێـت، دەبێـت ڕوداووەکـانی پێشـوو لە بیـربکەین، تـۆ دەتـوانی کەسێکی تر بدۆزییەوە.

هـامون کەمێـک بیـری کـردەوە، و پێـدەچوو ئەم قسـانەی بەدڵ نەبوویێـت ، بەڵام بە پێکەنینەوە، ووتی:

- بەڵـێ ڕاسـت دەکەی، بێگومـان ئەوە گرنـگ نیـیە بـۆ مـن، هاوڕێگیـان دەمەوێت چەند ڕۆژێک ببم بە میوانی تۆ.

- چەنـد ڕۆژێـک؟؟! هـــا هـــا هـــا، ئەمە مـاڵی خـۆتە هەرچەنـدێ دەتەوێت دەتوانی بمێنیەوە، دەتوانی لەگەڵ من بژی...

- نـا، سـوپاس، تەنیـا چەنـد ڕۆژێـک، تـا خـانوویەک دەدۆزمەوە کە نزیـک بێت لە زانکۆیەکەم.

- ئەها، باشە هاوڕێگیان، هەرچۆنێکت پێخۆشە.

هـــامون ئێســـتا گەڕاوەتەوە و دەســـتی کـــردووە بە وانە ووتـــنەوە لە زانکـۆیەکەدا، بەڵام لێـرە ئەو کەسـەی زۆر دڵخۆشـە جولیـایە، چـونکە ئەو ئێســـتا دووگیـــانە و چـــاوەڕێی مێـــردەکەی دەکـــات، کە دوای چەنـــد

**هەفـــتەیەک دەیەوێـــت بگەڕێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ، بـــاران خەریـــکە دەبارێـــت، ڕوونـــاکی بروســـکەکان شـــار ڕوونـــاک دەکـــاتەوە و دەلەرزێنێـــت، دەنگـــی هەورە تریشـــقەکان ئەم ســـەری شـــار دەڕۆن بـــۆ ئەو ســـەری شـــار، بەڵام لە ڕێگـــادا ئەلبێـــرو تووشـــی ڕووداوێـــک دەبێـــت، لەلایەن چەنـــد چەکـــدارێکەوە، پاشان ئوتومبێلەکەی گوللە باران دەکەن و گیانی لە دەست دەدات.**

**پـــاش چەنـــد کاتژمێرێـــک لە ڕووداوەکە، کەسێک لە دەرگـــای مـــاڵی جولیـــا دەدات، ئەو وا هەســـــــت دەکـــــــات مێردەکەیەتـــــــی، کە لەدوای چەنـــــــد هەفـــــــتەیەک گەڕاوەتەوە، بە خۆشـــــــحاڵیەوە نزیـــــــک دەبێـــــــتەوە، کە دەرگـــایەکە دەکـــاتەوە، دەبینێـــت پیـــاوێکی ســـمێڵ ڕەش بە جلـــی ســـەربازیەوە لە بەرامبەر ئەودا ڕاوەستاوە! لەو کاتەدا خۆشحاڵیەکانی جولیا دەمرن.**

**پیاوەکە دەست بە گفتوگۆ دەکات و پێی دەڵێت:**

**(بە داوای لێبـــوردنەوە و بەتەواوی وجـــودم، هاوبەشـــی خەمەکـــانتم، داوای ســـــــــەبوری و خـــــــــوڕاگری لە ئێـــــــــوە دەکەم کە ســـــــــەردانی نەخۆشخانەی"فریاکەوتنی سەربازی" بکەی).**

**دەســـتەکانی جولیـــا دەلەرزن و فرمێســـک لە چاوەکـــانی دێـــنە خـــوارەوە، چەنـــد خولەکێـــک هەمـــوو گیـــانی جولیـــا بـــێ هێـــز دەبێـــت، پاشـــان یەکســـەر بەرەو نەخۆشـــخانە بە ڕێـــدەکەوێت، دوای چەنـــد خولەکێـــک، دەگـــاتە نەخۆشـــخانە و دەبینێـــت تەرمـــی مێـــردەکەی دەبەن بـــۆ بەشـــی مردووەکـــان، تەنیـــا شـــتێک کە لەگەڵ تەرمەکەدا مـــابۆوە، دەســـتە جلێکـــی منـــداڵانە بـــوو،**

کە ئەویـــش بە خـــوێن داپۆشـــرابوو، یەکێـــک لە پزیشـــکە ئافرەتەکـــان دەبینێـت کە جولیـا دووگیـانە، دەسـتەکانی دەگرێـت و ناهێڵێـت بچێـت بـۆ بینینـی تەرمـی هاوسـەرەکەی، لەناکـاو جولیـا دەقیژێنێـت و لە هـۆش خۆی دەچێت.

دوای نیـــو کـــاتژمێر هەڵدەســـتێتەوە، دەبینێـــت پزیشـــکێکی ئـــافرەت لە تەنیشتیەوە دانیشتووە، یەکسەر بە جولیا دەڵێت:

تکـایە گوێبیسـتی قسـەکانم بـبە، نامەوێـت زیـاتر لەوە ئـازار ببینـی، دەزانم کە هاوسەرەکەت لە دەست داوە، ئێستاش منداڵەکەت...

لەم کاتەدا جولیا بە گریانەوە، ڕوودەکاتە پزیشکەکە و دەڵێت:

چـــــی؟! منـداڵەکەم... منـداڵەکەی خـۆمم دەوێـت، نـاتوانم خـۆم ڕاگـرم، تکایە...

پزیشـــکەکە دەســـتی دەگرێـــت و ئـــارامی دەکـــاتەوە، پاشـــان دەچێـــت پەرداخێک ئاوی بۆ دەهێنێت و پێی دەڵێت:

(پێـدەچێت حاڵـت بـاش نەبێـت، بـۆیە نـاتوانین ڕێگـا بـدەین کە لێـرە بـڕۆیتە دەرەوە، چـونکە خـوێنێکی زۆرت لـێ ڕۆیشـتووە، پێویسـتیت بە کاتە بۆ چاکبوونەوە، دەبێت چەند هەفتەیەک لێرە بمێنیەوە).

* * *

پاش ئەوەی هامون دەست بە وانەوتنەوە دەکات لە زانکۆیەکەدا، توانی لەو ماوەیەدا کتێبەکەشی چاپ بکات کە لە دەرەوەی وڵات ئیشی لەسەر دەکرد، بەناوی"لێدوانی مەرگ"، هامون دوای گەڕانەوەی هەستێکی غەمناکی هەبوو، چونکە هەمیشە بیر لە مردن دەکاتەوە، کە مردن چییە؟ بە تایبەت هزر لە مەرگی دایک و باوکیدا دەکات، کە بەشێوەیەکی ترسناک گیانیان لەدەست داوە، شەوانە زۆربەی کاتەکانی دەڕوات بۆ مەیخانەکان و خۆی مەست دەکات و دەگەڕێتەوە ماڵ، چونکە بە تەنیا دەژیت، لە باڵەخانەیەک کە نزیکە لە زاکۆیەکەی، هەندێک جاریش دادەنیشت و سەیری سندوقەکەی دەکات کە لە پاریس لەگەڵ خۆی هێنابوو، شەوێکیان دەچێتە مەیخانەیەک و داوای"ڤۆدکا" لە مەیگێر دەکات، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر دادەنیشێت، لە هەر چەند خولەکێک"پێکێک"مەی دەخواتەوە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت، بەتەواوی بێزاری پێوە دیار دەبوو، پاشان دەچێتە دەرەوە، دەچێتە کەنار دەریایەک دادەنیشێت. دەستەکانی دەخاتە سەر چاوەکانی و لەگەڵ خۆی گفتوگۆ دەکات، لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(بۆچی من؟ من چ گوناهێکم هەیە؟ هەمیشە ئەو شتانەی خۆشم ویستوونە لەدەستم داون، بیر لەوە دەکەمەوە کاتێک مردم کەس غەریبی من دەکات یان نە؟ خۆم نەبم کە تەنیا غەریبی خۆم

دەکـــەم...! دەڕۆم بـــۆ نـــاوەوەی دەریـــا بـــزانم دەریـــا لە مـــن بێـــزارە یـــان نە؟!).

هـــامون بەرەو دەریـــاکە دەچێـــت، بەرەو جێگـــایەکی قـــوڵ دەڕوات، بەڵام شەپۆلەکانی دەریا فڕێدەدەنە دەرەوە، ئەو کاتە بوو هامون ووتـی:

تەنیـا دەریا لە من بێزار نیـیە.

کە دەگـــڕێتەوە بـــۆ مـــاڵ، لە ڕێگـــادا چـــاوی بە پیـــرە پیاوێـــک دەکەوێـــت، پیاوێـــک کە مەرگ هەمـــوو گیـــانی داپووشـــیبوو، بە مەســـتیەوە لەبەرامـــبەر پیاوەکە دەوەستێت، پیاوە پیرەکە پێی دەڵێت:

(ســـاڵانێکی زۆر مـــن ژیـــاوم، کەم کەم نزیـــک دەبـــمەوە لە خـــاڵە ڕەشـــەکە! ئەو خـــاڵەی کە مرۆڤەکـــان نـــاتوانن ببیـــنن تـــا کوتـــایی ژیانیـــان، ئێســـتا کە تـــۆ دەبیـــنم، خـــۆم دێـــتەوە بەرچـــاو، تـــۆ دەبێـــت بـــڕۆی لەم شـــوێنە! بڕۆ... دەبێت شوێنێک بدۆزییەوە کە بزانی لە کوێوە هاتووی).

هامون: من مافی مردنم نییە!

پیرە پیاو: تۆ دەمری و دەزانی بەهات چەندە!

هـــامون: ئەم جیهـــانە ووشـــەکانی زینـــدوو نـــین! ئەمە بە تەواوی ئەبسێردە[4].

---

[4] ناماقوڵ

پیرە پیاو: من سەرسامم بە قسەکانی تۆ، زۆر سەختە بۆ مرۆڤەکان، بەڵام لە چاوانی تۆ ئەوە دەبینم کە مرۆڤێکی یاخی و دەتوانی تا کۆتایی ڕێگایەکە بڕۆی گەر پەشیمان نەبییەوە.

هامون: دەتوانم بڕوم و پەشیمان نابم، چونکە لەودیوی تر ڕازێک هەیە، کە نەوتراوە.

پیرە پیاو: بڕۆ کاتێک ڕویشتی دەگەیت بە قۆناغی یەکەم، قۆناغێکی زۆر سەختە، دەبێت لەنێو دیدی خەڵکدا بڕۆی، بۆ ئەوەی بگەی بە ئارەزووەکانت، بەڵام دیار نییە ئارەزووەکانت لە کوێن، دەبێت خۆت بیان دۆزییەوە.

هامون: من مێشکم نەخۆشە، لەناو مێشکم دەنگێکی ئاشنا هەیە، بەڵام نازانم ئەو دەنگە هی کێیە؟! ئەو دەنگە پێم دەڵێت ئەو ڕێگاییەی بۆی دەچی کۆتایی نییە! بەڵام ئەو دەنگە دەزانێت گەر هەموو شتێک ڕەش بێت و هەموو خەڵک نووستبن، ئەوا خاڵێکی سپی پەیدا دەبێت و کەسێک گوێبیستی قسەکانم دەبێت.

پیرە پیاو: لە سەرەتادا ئێمەی مرۆڤ ئازادانە لە دایک بووین لەسەر ئەم زەویە، دواتر داهینانمان کرد و پێشکەوتین، لە کۆتاییدا شتێکمان دۆزیەوە بە ناوی(ئاسن) بەم ئاسنە قەفەسمان بۆ خۆمان دروستکرد، لەناو ئێمەی مرۆڤدا هەمیشە مرۆڤە بێ عەقڵەکان زیاترن لە مرۆڤە عاقلەکان، ئەمەش یاسایی ژیانە، هیوادارم تێگەیشتبی لە قسەکانم.

**گفتوگـــۆیەکەی نێـــوان هـــامون و پیـــاوەکە تەواو دەبێـــت و هـــامون بەرەو مـــاڵەوە دەچێـــت، خـــۆی دەزانێـــت کە مەســـت و سەرلێشـــێواوە، بەتەواوی بێزارییەوە دەچێت بەرەو ژوورەکەی و دەخەوێت.**

❊ ❊ ❊

چەنـد هەفـتە بەسـەر مـانەوەی جولیـا لە نەخۆشـخانە تێـدەپەڕێت، جولیـا بە نائومێـــدییەکی تەواو دەگەڕێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ، ئەم ڕووداوانە تەواوی هەســـتەکانی برینـــدار کـــردووە، وەک ئەوە وابـــوو کە مرۆڤێـــک بڕینـــی پـــارچەیەک لە جەســـتەی خـــۆی بە چـــاوی خـــۆی ببینێـــت، هەتـــا چەنـــد هەفـتەیەک لە مـاڵەکەی نەدەهـاتە دەرەوە، ئـیش و کـاری ببـووە گریـان، بێـزاری بـاڵی بەسـەردا کێشـابوو، لە دوای ئەم چەنـد هەفـتەیە، دەچێـت بـــۆ کتێبخـــانەیەک بـــۆ ئەوەی لە تەنیایـــی دەربێـــت، یەک بە یەک، ســـەیری کتێبەکـــان دەکـــات، بە دوای کتێبێکـــدا دەگەڕێـــت کە بـــاس لە ڕووداوەکـــانی ژیـــان بکـــات، لەناکـــاو کتێبێـــک دەبینێـــت بە ناوی"لێـــدوانی مەرگ" کە سـەیری نووسـەرەکەی دەکـات دەبینێـت نـاوەکەی هـامونە، بەڵام ئەو نازانێـت ئەمە هەر ئەو هـامونەیە کە چەنـد سـاڵ پێشـتر دەیناسـی، هەرچۆنێـک بێـت کتێـبەکە دەکڕێـت، لەبەر نـاوەکەی، دواتـر پیاسـەیەکی بـــازار دەکـــات و دەگەڕێـــتەوە بـــۆ مـــاڵ، کە دەگـــاتە مـــاڵەوە، دەچێـــتە ژوورەکەی دەبینێـــت کەســـێک لە ژوورەکەیـــدایە!! کە نزیـــک دەبێـــتەوە دەبینێـت هاوسـەرە مردووەکەیەتـی، کە منـداڵێکی لە بـاوەش گرتـووە، جولیـا بە گریـانەوە دەسـت دەکـات بە قسـەکردن لەگەڵ مێـردەکەی و پێـی دەڵێت:

(مـن وامـدەزانی خـۆر بـۆ ڕزگـارکردنی ئـێمە دێـت، لە ڕاسـتێدا بـۆ لەنـاو بردنـــی ئـــێمە هـــات، زەمەن دەرفەتـــی ئەوەی بە ئـــێمە نەدا کە پـــێکەوە

شـــادبین، تـــۆ ئەو فریشـــتەیەی کە لە بەهەشـــتی خـــۆتەوە هـــاتووی، چاوەکانت بکەوە، بە ڕووناکی ئەو چاوانەت کوێرم بکە).

بەڵام مێـردەکەی هـیچ قسـەیەکی نەبـوو، تەنیـا جـوڵانەوەی پێـوە دیـار بـوو، دەیوویسـت بە جوڵانەوەکـانی شـتێک بڵێـت، جولیـا چاوەکـانی پـاک دەکـاتەوە، بەڵام مێـردەکەی ڕوویشـتبوو، کەس توانـایی ڕێگرتنـی ئەوی نەبـوو، جولیـا دادەنیشـێت و لەبەر خـۆیەوە دەڵێـت: هەسـت دەکەم دەیویسـت شـتێکم پـێ بڵێـت، چـونکە ئەم دۆزەخەی مـن لێـی دەژیـم، بـۆ ئەم خەڵـکە بەهەشـتێکی تەواوە، لەوە زیـاتر نـاتوانم، دەبێـت ئەو ڕێگـا تـاریکەی کە هەنگاو دەنێت بۆ ناوەوەی ڕوحم ڕووناکی بکەمەوە.

بەم شـێوەیە بـوو کە جولیـا دەرفەتـی ئەوەی بـۆ نەڕەخسـا کە کتێـبەکە بخوێنێتەوە.

❊ ❊ ❊

ئێـــوارەیەکی پـــایزە و گەڵای درەختەکـــان خەریـــکە دەوەرێـــن، هـــامون لە یەکێـــک لە شـــەقامەکانی شـــاردا خەریـــکە دەچێـــت بەرەو مەیخـــانە، مەیفـــرۆش کە لەگەڵ هـــامون بیـــوو بە هـــاوڕێ، دەیزانـــی هـــامون چـــی دەخـــواتەوە، بـــۆی دادەنـــا لە ســـەر مێـــز و هـــامون دەیخـــواردەوە، پـــاش کاتژمێرێـــک و گفتوگـــۆ لەگەڵ مەیفرۆشـــەکە، هـــامون دەچێـــت بـــۆ دەرەوەی مەیخـــانەکەدا، بـــێ ئەوەی بزانێـــت لاقەکـــانی بەرەو کـــوێ دەیـــبەن، پـــاش چەنـــد هەنگاوێـــک، دەبینێـــت پیـــاوێکی ڕیـــش درێـــژ و ســـپی لە شـــوێنێک دێـــتەدەرەوە، شـــوێنەکە وەک کەنیســـە وایە، بەڵام لە جییـــاتی ســـەڵیبەکە ئەســـتێرەیەکی لـــێ هەڵواســـراوە، پیـــاوەکە کە دەبینێـــت هـــامون مەســـت بـــووە، پێی دەڵێت:

(کـــوڕم پێـــدەچێت زۆرت خـــواردبێتەوە، دەبێـــت ئاگـــات لە خـــۆت بێـــت، ئەمە کارێکی گونجاو نییە).

هـــامون کە ئەم قســـانە گوێبیســـت دەبێـــت لە پیـــاوەکە، زۆر تـــوڕە دەبێـــت، بە پیاوەکە دەڵێت:

- تۆ کێیـــت؟

پیاوەکە: من (خاخام)[5] ی ئەم شوێنەم.

[5] (خاخـــام) یـــان حاخـــام، ووشـــەیەکی یەهـــودییە بەمانـــای(حەکیم) یـــان زانـــا دێـــت، بە مانای کەسێکیش دێت کە لە تەوڕات شارەزای هەبێت.

هامون: گەر تۆ خاخام بیت، من دەمەوێت هەندێک پرسیارت لێ بکەم، هەندێک پرسیار کە لە منداڵییەوە مێشکمی ئاڵۆز کردووە، لە سەرەتایی مرۆڤایەتییەوە ئێمە کوێلەی ئاینەکانین تا ئێستا، بۆیە دەبێت ئێوە بەخۆتاندا بچنەوە، بەلاّم دینی ئێوە کە دینێکی زۆر کۆنە تۆ پێم ناڵێی بەهەشت کامەیە و دۆزەخ کامەیە؟ دەڵێن شەیتان منداڵی هەیە! گەر منداڵی هەیە کوا هاوسەری؟ مەگەر ناڵێن شەیتان تەنیا یەکە؟ کەواتە هاوسەری لە کوێ بووە؟ بۆچی دەبێت خوا ئێمە تاقی بکاتەوە؟ ئامانجی ڕاستەقینەی خوا چییە لە دروست کردنی ئێمە؟

خاخام: ئەوانە لەلایەن خواوە داڕێژراون، ئێمە ناتوانین سەرپێچی یاساکانی خوا بکەین و بەبێ ویستی ئەو قسە بکەین.

هامون: خوا کە ئەوندە حەزی لە یاسا و یاریکردنە، دەتوانێت کەسێکی وەک خۆی دروست بکات و یاری لەگەڵیدا بکات، نەک ئێمە کە بچوکترین ئەو شتانەی داوا دەکەین و دەپرسین دەبێتە کوفر، خۆی دەزانێت کە هەر خۆی یارییەکە دەباتەوە، کەواتە بۆچی دەبێت یاری لەگەڵ ئێمەدا بکات؟! ئەوەش بزانە ئێمە ناتوانێن چاوەڕێی ئێلیاس و پێشبینیەکانی بکەین.

خاخام: ئەم قسانەی تۆ دروست نین، ئەمە خواستی خوایە، گەر بەم شێوەیە بەردەوام بیی جێگات دۆزەخ دەبێت.

هامون: کاتێک کەسێک دەچێت بۆ دۆزەخ لە کاتی تووبەکردندا، دیسان تووبە نەکات ئەوا چی بەسەر دێت؟ من گوێم لێبووە دەڵێن شەیتان جێگایی دۆزەخە، بەڵام کەسێک کە هەموو ژیانی لە دۆزەخ بەسەر بردووە چۆن لەناو ئاگرا دەسووتێت؟ ئەم شەیتانە تەمەنی دەبێت چەند بێت؟ چەند هەزار ساڵە ئەم شتانە ڕوودەدەن، تا چەند هەزار ساڵی تر بەردەوام دەبێت؟

ئەم قسانەی هامون بە تەواوی خاخامی دڵ گران و تووڕە کرد، دواتر خاخامیش چەند قسەیەک بە (عیبری) دەردەبڕێت، پاشان ڕێگایەکەی دەگرێتەبەر ودەڕوات.

* * *

درەنگـــانی شـــەوە و جولیـــا بەبـــێ ئومێـــدانەوە خەوی لێـــدەکەوتووە، لە خەوەکەیـــدا خەریـــکە دەچێـــت بەرەو ژوورێـــک کە هەمـــووی بە تـــاریکی داپووشـــراوە، لەنـــاو ئەو تـــاریکییەدا تەنیـــا شوشـــەیەکی چوارگوشـــە دیـــارە، کە لەســـەر مێزێـــک دانـــراوە، لەم شوشەیەشـــدا شـــتێکی ســـوور هەیە، لە تەنیشـــت شوشـــەکەدا پیرەژنێکـــی پـــرچ سپی بەدیـــار کەوتـــووە، ئەم پیـــرەژنە داوا لە جولیـــا دەکـــات ئەو شـــتەی کە لە نـــاوەوەی شوشـــەکەدایە بخـــوات، بەڵام جولیا ناخوات و لە پیرەژنەکە دەپرسێت:

(ئەو شتە چییە کە لەناوەوەی شوشەکەدایە؟)

پیرەژن: ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن "ڕوح"، ها ها ها...

یەکسەر جولیا لەخەو بەخەبەر دێتەوە.

ڕۆژی دواتـــر جولیـــا دەیەوێـــت بچێـــتە لای مەلایەک، بـــۆ ئەوەی بزانێـــت لە ئاینـــدەدا چـــی بکـــات و چـــۆن بەرگەی ئەم ناخۆشـــیانە بگرێـــت، لەبەر ئەو ڕووداوانەی کە بەســـەر ژیانیـــدا هـــاتبوون، جولیـــا بە  مەلایەکە دەڵێـــت کە هەمـــوو شـــتەکانی لە دەســـت داوە، مەلایەکە کە دەزانێـــت مێـــردەکەی مـــردووە، لە جیـــاتی ئەوەی یـــارمەتی بـــدات، چەنـــد قســـەیەک و فەرمـــوودەیەکی بـــۆ دەڵێـــت، پاشـــان ســـەیری دەکـــات و عاشـــقی جـــوانیەکەی دەبێـــت، مەلاکە دەســـت دەکـــات بە دروســـت کردنی(نوشـــتی) بـــۆ ئەوەی جولیـــا بکێشـــێنێتە لای خـــۆی، جولیـــا کە ئاگـــای لەم مەســـەلەیە نیـــیە، دەگەڕێـــتەوە

مـــاڵەوە، دوای چەنـــد ڕۆژێکـــی تـــر دەچێـــتە لای مەلایەکە، پاشـــان مەلایەکە پێی دەڵێت:

(زۆر زەحـمەتە بـۆ کەسێکی وەک تـۆ لەم بـارودۆخەدا، بـۆیە پێویسـتە مـن ئەم ئەرکە بەجێبهێـنم کە لەسـەر شـانمە، لەسـەر سـونەتی پێغەمـبەر دەتوانین ببین بە ژن و مێرد...).

پێـدەچوو مەلاکە دیـنەکەی بە شـێوازی دڵـی خـۆی هەڵبژاردبـوو، دواتـر مەلایەکە چەنـد قسـەیەکی درۆ بـۆ جولیـا دەکـات، و جولیـاش قسـەکانی بـاوەڕ دەکـات، پاشـان مەلایەکە دەسـت دەکـات بە پەیوەنـدی سێکسـی لەگەڵیـدا، ئەم ڕووداوانە تـا چەنـد ڕۆژێـک دووبـارە دەبـنەوە، یەک دووجـاریش لەمزگەوتـدا ئەم کـارە ناشـرینە لەگەڵ جولیـادا ئەنجامـدەدات، پـاش ئەوەی ئەم هەواڵە لە کۆڵانەکـانی خۆیـان بـڵاو ببـووە، دوای تێپەڕبـوونی (٤٠) ڕۆژی مەلاکە، جولیـا دەزانێـت کە هەواڵەکە بە خـراپە بڵاوبـووتەوە بە شـێوەیەکی زۆر ناشـرین. دواتـر دەزانێـت کە قسـەکانی مەلایەکە هەمـووی درۆ بـوون، ئەوەشـی بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کە مەلایەکە پێشـتر شـەوانە لەگەڵ منـداڵانی تـریش دەچـوو بـۆ نـاوەوەی مـزگەوتەکەدا، بـۆیە جولیـا ئەو شـارە بەجێـدەهێڵێت و دەچێـتە شارێکی تر.

کە شـارەکەی بەجێـدەهێڵێت نـاوەکەی خـۆی دەگۆڕێـت، دەیکـات بە(مەریەم)، بـۆ ئەوەی کەس نەیناسـێتەوە، دوای چەنـد ڕۆژێـک دەڕوات

و دەبێتە لەش فرۆش لە شارێکی تر، دەگەڕێتەوە شارە کۆنەکەی خۆی، شارێک کە قوناغەکانی خوێندنی لەو شوێنە تەواو کردووە، ئەو شارەی کە هامون لێی دەژیت.

چەند مانگێک لە شوێنی لەشفرۆشەکان کاردەکات و زۆر سەختی دەکێشێت، لە یەکێک لە شەوەکاندا کە جولیا زۆر غەمبار و بێزار بوو، بە ناچاری خەوی لێدەکەویت، لە خەوێکی زۆر قوڵدا خۆی دەبینێتەوە، بەشێوەیەک کە وا هەست دەکات لە ڕاستیدایە، دەبینێت بە ڕێگایەکی تاریکدا دەڕوات، لە ڕێگادا دەگات بە چەند فریشتەیەک، کە هێزی پێکەنینیان لە دەست دابوو، بە پێکەنینێکی ترسناکەوە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن و دەڵێن:

(بۆچی خوا بە ئەوان ئازادی داوە؟ ئەوان دەجەنگن بۆ ئەوەی لەژێر خۆر بمرن لەسەر زەوی، ئەوان دەجەنگن هەتا لەناو دەریا بمرن لەژێر هەورەکاندا، ئەوان دەجەنگن بۆ ئەوەی لەژێر خوێن بمرن لە ژێر عەشقدا).

جولیا کە ئەم قسانەی گوێ لێدەبێت لەبەر خویەوە دەڵێت:

(نازانم خوا بۆچی ئاورێک لە ئێمە ناداتەوە؟ هەروەها بێت و ڕووبەڕووی ئەم خەڵکە ببێتەوە، نازانم خوا لە کوێ ووتوویەتی کە ژن بچەوسێنرێتەوە و لەناو ببرێت، سەرکوت و ماف خۆراو بکرێت؟ تەنیا لەم ئاییینانە نەبێت، هەر لەم ئیسلامەشدا، دوو جۆر مرۆڤ هەیە،

باش و خراپ، باشەکەی هیچ کات ڕاستییەکان قبوڵ ناکات، خراپەکەی هەموو هەڵەیەک قبوڵ دەکات، بۆیە من باوەڕم بە هیچ ئایینێک نەماوە، من دەبێت بچم، بۆ شوێنێک کە فڕین بۆ باڵندەکان ئازاد بێت، دەچم تا کوتایی مارپیچەکە [6].

لە ناکاو یەکێک لە هاوڕێیەکانی بانگی دەکات کە هەڵبستێتەوە لە خەو.

دوای تەواو بوونی ڕۆژێکی سەخت لە زانکۆ، هامون سەردانی "کەنیسەیەک" دەکات، بۆ ئەوەی هەندێک پرسیاری بێ وەڵام وەڵامەکانیان بدۆزێتەوە، دەچێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ قەشەیەکدا بکات، کە دەگاتە کەنیسەکە ڕووبەڕووی دیمەنێکی زۆر ناشرین دەبێتەوە، دەبینێت قەشەیەک لەگەڵ میرمنداڵێکدا، لە ژووری خۆی خەریکی هاوڕەگەزبازییە! پێدەچێت قەشەکە میرمنداڵەکەی فریو دابێت، کە بەم کارەی نزیک دەبێتەوە لە بەهەشت، هامون تۆڕە دەبێت و داوای گفتوگۆیەکی تەنیای دەکات لەگەڵ قەشەکەدا، دواتر پێی دەڵێت:

(ئێوەی قەشەکان کومەڵگاتان ناشرین کردووە، تۆ ئەی قەشەی منداڵ باز، من دەمەوێت وەڵامی پرسیارەکانم بدەیەوە، تۆ وا بیر دەکەیتەوە

[6] - "مارپیچ" یان پێچاوپێچ، بە شوێنێک یان ڕێگایەک دەگوترێت کە شێوەکەی لە مار بچێت.

کە خـوا بـاوکی ئـێمەیە؟ گەر خـوا بـاوکی ئـێمەیە کەواتە شـەیتان دەبێـت کـورە مـامی ئـێمە بێـت؟!! وا دەزانـی دادگـایی مەیمونەکـان چـۆنە؟ دادگـایەکە کە خـۆدی دادوەر تاوانبـارە، بەڵام ئەوەی کەس ئاگـایی لە مەسـەلەکە نییـە ئەوەیە، کە کەسـێکی بێتـاوان دەهێنـنە ژوورەوە و دادگایی دەکەن، دەبێت مرۆڤ پەردە لەسەر نهێنییەکان لاببات).

قەشە: دەبێت ئاگات لە قسەکانت بێت، دەبێت تۆ سزا بدرێی.

هامون: من چۆن لەپێناو بێمانایدا سزا دەدرێم؟

قەشـە: تـۆ کەسـێکی گەنجـی، دەبێـت چەنـد سـاڵ خزمەتـی کڵێسـایی کاتولیک بکەی، تا وەڵامەکانت دەست دەکەوێت.

هـامون: تـۆ بـۆچی وەڵامەکانـت نییـە؟ مـن چەنـد سـاڵ بە دوای ئەوە گەڕاوم، پاشـان زانـیم تەواوی ئەم شـتانە تەنیـا فێڵبـازیەکن بە دەسـتی خـۆدی مرۆڤەکـان، چـونکە مـن خـوام بیـنی، گفتوگـۆم لەگەڵـدا کـرد، خـوا ووتی:

(مـن ئایینەکـانم بە شـێوەیەکی یەکسـان دروسـت کـردووە، بەڵام مرۆڤەکـان بە هەڵە لێی تێگەیشتوون).

منیش پێم وت:

(گەر ئایینەکـان وجودیـان نەبێـت چـی دەبێـت؟ بـۆچی لە سـەرەتاوە ئـایینێکی تەواوت هەڵنەبـژاردووە؟ خـوا دانیشـت لەسـەر کورسـیەکەی و بیـری کـردەوە، پاشـان پـێم ووت شـەیتان چۆن تـوانی خـۆی لە شکلی مـار

دروست بکات بۆ ئەوەی تۆ ئاگات لێبێت؟ دواتر چۆن توانی سێوەکەی بداتە حەوا بۆ فریودانی ئادەم؟ ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی تریش تۆ کتێبێکت بۆ مرۆڤەکان ناردووە کە دواهەمین پەیامە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام نیوەی دونیا بۆ ئەم کتێبە گیانیان لەدەست داوە، ئەگەر من لە جێگای تۆ بم، هەموو ئایەتەکانی لەسەر هەورەکان دەنووسمەوە، بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بیبینن و باوەڕی پێبکەن، پێدەچێت ئاسمان زۆر گەورە بێت، وابزانم جێگایی هەموو ئایەتەکان دەبێتەوە). ئەم قسانەی من خوای بێدەنگ کرد، لەو کاتەوە خوا لە من تورەیە، قسەم لەگەڵ ناکات، قەشە تۆ پێم بڵێ گەر خوا دەیویست موعجیزەمان نیشان بدات دەیتوانی حەزەتی یوسف سک پڕ بکات نەک حەزەتی مەریەم، ئەم کارە مرۆڤەکان هەمووی ڕۆژێک ئەنجامدەدەن، دوای ئەوە دەیتوانی فریشتەیەکی کچ لە جێگایی جبرائیل بنێرێت.

ئەم قسانەی هامون بە تەواوی قەشەکە نارەحەت و تورە دەکات، لەو کاتەدا قەشەکە دێتە ئاخاوتن و دەڵێت:

- فریشتە هەر فریشتەیە چ کور بێت، چ کچ بێت.

هامون: گەر وایە، بۆچی تا ئێستا ناوی هیچ کچێک جبرائیل یان مکائێل نییە؟!

قەشە: ئەمەی تۆ دەڵێی، شتێکی گوناهە، بڕو نەفرینی خوا لە مرۆڤی کافر، نەفرین لە تۆ ئەی مرۆڤی دووڕوو.

هـــامون کە ئەم قسـانەی گـوێ لێبــوو، بە پێکەنیـنەوە دەگەڕێــتەوە بــۆ مــاڵی نیکــۆ، شــەو کە دادێــت، نیکــۆ داوا لە هــامون دەکــات کە پــێکەوە بچــنە دەرەوە و شــتێک بخــۆن، هــامونیش داوای لێــدەکات بچــن بــۆ مەی خواردنەوە، نیکۆش کە ئەمە دەبیستێت پێی دەڵێت:

(زۆر چــاکە، شــوێنێک پێــدەزانم کە چەنــد مــانگێکە کــراوەتەوە و کچــی جوانیشی لێیە، دەچین پێکەوە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین).

هەردووکیــان دەچــن بــۆ مەیخــانەکە و دادەنیشــن، پاشــان داوای خــواردنەوە دەکەن و هامون بە نیکۆ دەڵێت:

- مـن پـێم وایە قەشــە و حاخامەکــان هەمیشــە شــتەکان بــۆ ئــێمە گــران دەکەن، دواتر خۆیان بە هەرزانتر دەیکڕن.

- مەبەستت چییە؟ لەگەڵ ئایینەکانتە؟

- بەڵــێ، ئیتــر بــێ تامیــان کــردووە، بێــزار بــووم بەڕاســتی، بــۆیە تەنیــا ئەوکاتــانە دەزانــم کە وجــودم هەیە، ئەوکاتــانەی کە خــۆم لە ئــاوێنەدا دەبینم.

- وازبهێــنە، هەرچوونێــک بێــت تــۆ بە زانــاتر دەزانــم لە ئەوان، بــا بخــۆینەوە... کەســانێک هەن کە هەمیشــە کەســانێکی تــر بە گرنــگ دەزانــن، لە ڕاسـتیدا ئەوان هەڵەن، ئەم شـتانە بـۆ مـن گرنگیـان نییــە، تەنیــا تــۆ نە بیــت، تــاکە کەسـێک کە بـۆ مـن مـاوەتەوە تـۆی نامەوێـت خۆت بەم شتانەوە سەرقاڵ بکەی.

- مـن بـۆ ئەم شـتانە لەدایـک بـوومە، بەڕاسـتی تێـدەگەم لە نهێنییەکـانی ئەم ژیـانە، لەنـاو خەیـاڵی هەرپیاوێـک، پیـاوێکی تـر هەیە، کەسـێکی نەناسـراو، کەسـێکی نەخـۆش، هەر ئەو کەسـە نەخۆشـە دەسـت لە مـن بەرنادات.

- هەموومـان بەشـێکین لە خەیـاڵ، کە هێشـتا نەگەیشـتوین بەو بەشـە، مـن خەریـکە مەسـت دەبـم، دەمەوێـت ئەمشـەو لەگەڵ کـچە جوانەکـانی ئەم شوێنە بخەوین و کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.

- باشە هاوڕێکیان.

پـاش گفتوگـۆیەکی درێژخـایەن، نیکـۆ کە زیـاتر لە هـامون دەخـواتەوە، داوای ئەوە دەکـات کە بچـن بحەسـێنەوە، هەروەهـا هەریەکە و کچێکـی جـوانیش لەگەڵ خۆیـان بـبەن بـۆ ژوورەکەیـان، هەردووکیـان دەچـن بـۆ بینینـی کچەکـانی ئەو شـوێنە، نیکـۆ یەکێـک لە کچەکـان هەڵـدەبژێرێت و داوا لە هـامونیش دەکـات کە ئەو کـچە پـرچ زەرد و چاوشـینە ببـاتە ژوورەکەی، بەڵام هـامون دەسـتی کـچە پـرچ مەیـلەو قـاوەییەکە دەگرێـت و دەبـاتە ژوورەکەی، دواتـر نیـو بوتـڵ"مەی" لەگەڵ خـۆی دەبـات بـۆ ئەووەی بە تەواوی مەسـت ببێـت، کە لەگەڵ کـچەکە دەچێـتە ژوورەکەیـدا، سـەرەتا هەنـدێک مەی دەکـاتە پەرداغەکەیـدا و دواتـر داوا لە کـچەکە دەکـات کە بچێـتە حەمـام و خـۆی بشـوات، پـاش دەرهـاتنی کـچەکە جـگەرەیەک دادەگیرسێنێت و مەیەکەی دەخواتەوە، کچەکە پێی دەڵێت:

ئامادەی...؟!

هـــامون: نەخێـــر، جـــارێ زووە، کەمێـــک گـــوێ لە موســـیقا دەگـــرم پاشـــان دەســـت دەکەیـــن بە ســـێکس کـــردن، پـــێش دەســـتپێکردنمان دەمەوێـــت پێـــت بڵێم کە چاوەکانت زۆر جوانن، تۆم بینی یادی کەسێکی تر کەوتمەوە.

کـــچەکە: بەڕاســـت؟ دەزانـــی ئێـــوەی پیـــاو هەریەکەو درۆیەکـــی تـــایبەت بە خۆتان هەیە؟!

پاشـــان هـــامون دەچێـــتە ســـەر جێگـــای نووســـتنەکەی و کـــچەکەش نزیـــک دەبێـــتەوە لێـــی، هـــامونیش دەســـت دەکـــات بە مـــاچکردنی، کـــچەکەش جلەکـــانی فڕێـــدەدات و پاشـــان دەســـت بـــۆ ژێـــرەوەی دەبـــات. ئەم دووانە پـــێکەوە ســـێکس دەکەن و کـــات بەســـەر دەبەن تـــا درەنگـــانی شـــەو، پێـــدەچێت هامون خۆشحاڵ بێت بە سێکس کردن لەگەڵ ئەو کچەدا.

دوای چەند خولەکێک هامون بە کچەکە دەڵێت:

- دەمەوێـــت ببـــی بە هـــاوڕێم، هەمـــوو شـــەوێک لە مـــاڵەکەی مـــن یەکتـــر تێـــردەکەین و زیـــاتر لە ئەم شـــوێنەش پـــارەت پێـــدەدەم، بەڕاســـتی دەمەوێت زیاتر لەگەڵ تۆ کات بەسەر ببەم.

- تۆ خێزانت نییە؟

- نەخێر.

- باشە قبوڵ دەکەم، بەیانی ناونیشانەکەتم بۆ بەجێبهێڵە.

- باشە، ناوت چییە؟

- مەریەم، تۆ ناوت چییە؟

- دەتوانی هەر بە مامۆستا بانگم بکەی.

دوای تەواو بـــوونی سێکســـی ئەم دووانە، مەریەم دەســـت دەکـــات بە قســـەکردن، بـــاس لە ڕووداوەکـــانی ژیـــانی خـــۆی بـــۆ هـــامون دەکـــات، کە چەندەها ناخۆشی بینیووە و دواتر ئەم ژیانەی هەڵبژاردووە.

پاشـــان هـــامون ڕوودەکـــاتە مەریەم و پێـــی دەڵێـــت: دەتـــوانین دواتـــر لە مـــاڵەکەی مـــن لەم گفتوگۆیـــانە بەردوام بـــین، مـــن ئێســـتا زۆر مانـــدووم دەبێت بخەوم...

دوای چەند خولەکێک هامون خەوی لێدەکەوێت.

پـاش ئەوەی بەیـانی دادێت و هـامون دەیەوێت بچێت بـۆ زانکـۆ، یەکەمجـار ناونیشـــانەکەی بـــۆ کـــچەکە واتە "مەریەم" دەنووســـێتەوە و لە تەنیشـــت تەختـــی نووســـتنەکەی دادەنێـــت، کە دەگـــاتە زانکـــۆ قوتابییەکـــانی بە شـــێوەیەکی زۆر جـــوان پێشـــوازی لێـــدەکەن، پێـــدەچێت قوتابییەکـــانی لە پەیوەنـــدی دوێنـــێ شـــەو لەگەڵ لەش فرۆشـــەکەدا بەخەبەر بـــن! لە ناکـــاو یەکێک لە قوتابییەکانی لێی نزیک دەبێتەوە و بەهامون دەڵێت:

(دەســـت خۆشـــیت لێـــدەکەین مامۆســـتا گیـــان، بەڕاســـتی کتێـــبەکەت بە شـــێوەیەکی ســـەرکەوتوانە لە کتێبخانەکانـــدا فرۆشـــراوە، ئەمە جێگـــایی شانازیە بۆ ئێمە و بەهیوای سەرکەوتنی زیاتر).

پاشان هامون هەناسەیەک هەڵدەکێشێت، بە پێکەنینەوە سوپاسگوزاری خۆی دەردەبڕێت و دەچێتە ژووری ماۆستایان. ئەمە یەکێک لە خۆشحاڵیەکانی بوو لەو ڕۆژەدا، هامون هیوای دەخواست کە کاتژمێرەکان بەشێویەکی خێرا تێنەپەڕن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو ڕۆژە خێراتر لە ڕۆژەکانی تر تەواو بوو، ئێوارە دادێت و هامون و نیکۆ پیاسەیەکی یاریگایە کۆنەکەی جاران دەکەن، ئەو خۆشحاڵییەکی تەواوی پێوە دیاربوو، پێدەچوو نیکۆ لە خۆشحاڵیەکانی ئاگادار نەبێت، بۆیە بە هامون دەڵێت:

- پێم وایە خەون دەبینم، ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵیت پێوە دیارە، ناتەوێت منیش خۆشحاڵ بکەی؟.

- بەڵێ بێگومان دەمەوێت...! دوێنێ شەو کاتێکی خۆشمان بەسەر برد، ئەمڕۆش قوتابییەکانم بە شێوەیەکی جوان پێشوازیان لێ کردم بۆ کتێبە نوێیەکەم، ئەمشەویش دەمەوێت لەگەڵ هاوڕێیەکی کچ کات بەسەر ببەم کە دوێنێ شەو ئاشنابووم لەگەڵیدا.

- بەڵێ ڕاست دەکەی، شەوێکی خۆش بوو، منیش کتێبەکەی تووم خوێندەوە، بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام، بەڵام پێم بڵێ دوێنێ شەو لەگەڵ یەکێک لە کچە لەشفرۆشەکاندا ئاشنا بوویی؟ ئەم شەو دەتەوێت بیبینی؟!

- بەڵێ، ئەو کچێکی چاو جوانە، کاتێک منداڵ بوم، هەمیشە کەسێکی وەک ئەو لە خەوەکانمدا بەدیار دەکەوت، پێدەچێت ئەو بناسم، بەڵام نایناسم، هەر ئەوەندە دەزانم لەگەڵ ئەو کچەدا ئارامم، وابزانم تو لە شێتی عەقڵ تێدەگەی.

- باشە، هەرچۆنێکت پێ باشە، ئێستا دەچینە لای من، خواردنێک دەخۆین و دواتر بگەڕێوە بۆ ماڵ.

- باشە، بڕۆین.

❊ ❊ ❊

دوای خواردنی نانی ئێوارە، هامون دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، دەبینێت کچەکە لە پێش دەرگای ماڵی ڕاوەستاوە و لە دەرگا دەدات، هامون بانگی دەکات:

- مەریەم...!

- بەڵێ منم، بەیانی ناونیشانەکەتم بینی، تۆ نووسیبووت کاتژمێر (١١)ی شەو یەکتر دەبینین، ئێستا(11:15) خولەکە؟!

- ببوورە لای هاوڕێیەکەم بووم، با بچینە ژوورەوە...

- ئێرە زۆر بێدەنگە، هەروەها ئەم باڵەخانەیەش زۆر بەرزە...!

- بەڵێ، بەڵام زۆریش بەرز نییە، هەرئەوندە دەزانم کە ئێمە لە ژووری ژمارە(٢٣)دا دەژین، شتێک دەخویتەوە؟

- بەڵێ، بێزەحمەت.

مەریەم سندوقەکەی هامونی دەکەوێتە پێش چاو و دەڵێت:

- ئەم سندوقە زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، پێدەچێت زۆر کۆن بێت؟!

- بەڵێ، کاتێک لە پاریس بووم، ئەوم وەک بیرەوەرییەک کڕی.

مەریەم پەرداخەکەی نزیک دەکاتەوە لە هامون و پێی دەڵێت:

- بە خۆشی بیرەوەرییەکانت.

- هەروەها بە خۆشی خۆت و جوانییەکەت... نەمدەویست ئێستا پێت بڵێم، بەڵام دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم... من لەگەڵ تۆ ئارامم، هەروەها سەرنجی منت بۆ لای خۆت ڕاکێشاوە، حەزدەکەم هەموو شەوێک

دوای سێکس کردن لەگەڵ یەکتر، باس لە ڕووداوە گرنگەکانی ژیانمان بۆ یەکتر بکەین، ئەوە زۆر گرنگە بۆ من، بەم شێوەیە ئارامتر دەبم، لە ناخۆشترینیان تا خۆشترینیان، هەتا وەکو خەومان لێدەکەوێت، دەبێت ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕاستیەقینە بۆ یەکتر باس بکەین.

- ئەمە سەختە، بەڵام من... هیچم نەماوە لە ژیان، کەواتە قبوڵی دەکەم.

هامون و مەریەم دەست دەکەن بە خواردنەوەی"مەی" و لەگەڵ یەکتر پێدەکەنن، پاش یەک کاتژمێر مەریەم داوای لێ دەکات بچنە سەر تەختی نووستن، دواتر بە شێوەیەکی سەرشێتانە، جلەکانی هامون دادەکەنێت و دەست دەکات بە ماچ کردنی جەستەی، پڕ بە زەوق دیارە، هامونیش دەست لەسەر لای چەپی سینگی دادەنێت و کچەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، هامون کە لێوەکانی مەریەمی ماچ دەکرد، ڕووناکی مانگ لەسەر لێوەکانی بە دیار دەکەوت، سەرەتا هامون شەرم دای گرتبوو، بەڵام ئێستا بە شێوەیەک سێکس لەگەڵ مەریەمەدا دەکات، وەک ئەوە وایە کە بڵێین چەند ساڵە یەکتر دەناسن، چەند خولەکێک بەسەر سێکسی ئەم دووانە تێپەڕیووە، مەریەم بە هامون دەڵێت:

(لە کوێ دەست بە گێڕانەوە بکەین؟)

هامون: لە سەرەتایی قۆناغەکانی خوێندن تا ئێستا!

هەردووکیـــان دەســـت دەکەن بە گێرانەوەکانیـــان، ســـەرەتا لە قۆنـــاغی منداڵی بۆ یەکتر باس دەکەن، تا ئەوەی خەوییان لێدەکەوێت.
پەیوەنـــدیەکانی ئەم دووانە ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتـــر دەبـــوون لەگەڵ یەکتـــر، بـــۆ مـــاوەی یەک مانـــگ ئەم دووانە هەمـــوو شـــەوێک سێکسـیان لەگەڵ یەکتـر دەکـرد، و دواتـر گرنگتـرین ڕووداوەکـانی ژیانیـان بـۆ یەکتـر بـاس دەکـرد و لەگەڵ یەکتر دەخەوتن(دەنووستن).
لە بەیانییەکـــدا کە هـــامون دەچێـــت بـــۆ زانکـــۆ، مەریەمـــیش لەخەو هەڵدەســـتێتەوە و ســـەیرێکی نـــاوەوەی مـــاڵەکەی دەکـــات، دواتـــر بـــۆی دەردەکەوێـــت کە ئەم ماموســـتایە بە تەواوی کەســـێکی نووســـەرە، لە کتێبەکانیـــدا دیـــارە بەتایبەت(لێـــدوانی مەرگ) دەســـت دەکـــات بە خوێنـــدنەوە و تـــا چەنـــد کاتژمێرێـــک بەردەوام دەبێـــت لە خوێنـــدنەوەی، دوای تەواوبـــوونی کتێـــبەکە مـــاڵەکەی هـــامون بەجێـــدەهێڵێت. دوای چەنـــد کاتژمێرێـــک هـــامون دەگەڕێـــتەوە مـــاڵەوە، و دەبینێـــت مەریەم لە مـــاڵەکەی نەمـــاوە، ئەو پێـــی وایە مەریەم چـــووە بـــۆ بـــازار، بەڵام تـــا درەنگـــانی شـــەو ناگەڕێتەوە.

❊ ❊ ❊

ڕۆژی دواتــر هــامون ســەردانی نــادییەکە دەکــات، ئەو شــوێنەی کە مەریەم پێشــتر لێــی دەژیــا، پرســیار لە هاوڕێیەکــانی دەکــات بەڵام کەس نازانێــت ئەم کچە لە کوێیە! هامون تا چەند هەفتەیەک بێ ئاگابوو لە مەریەم.

شــەوێک کــاتژمێر(1:33) خــولەک کەســێک لە دەرگــا دەدات، هــامون بە بێــزارییەوە دەرگــایەکە دەکــاتەوە، دەبینێــت مەریەمە! دەچێــتە باوەشــی هــامون و مــاچی لێــوی دەکــات، هــامون لە ســەرەتادا وایــدەزانی خەون دەبینێـــت، بەڵام ئەوە هەر ئەو مەریەمە بـــوو، کە چـــاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکرد، دواتر هامون پێی دەڵێت:

- تۆ ئەم ماوەیە لە کوێ بۆی؟

- چــووم بــۆ بینینــی دایــک و بــاوکم، نەمدەویســت پێــت بڵــێم، چــونکە ئەوان زۆر پیـــر بـــوونە، لە خـــانووەک دەژیـــن لە دەرەوەی شـــار، حەزم نەدەکـــرد زانکۆیەکەت لە کیس بچێت.

- ترس باڵی بەسەردا کێشابووم، وامزانی شتێکت بەسەر هاتووە..!

- نـــا، تەنیـــا ئەمە بـــوو، دەچـــم هەنـــدێک مەی ئامـــادە دەکەم و دەخوینەوە.

هــامون بە پەروشــییەوە جــگەرەیەک دادەگیرســێنێت و لەســەر کورســییەکەی دادەنیشــێت، پاشــان مەریەم مەی دەهێنێــت و دەیخــونەوە، هــامون لە دوای هەر قــومێکی جــگەرەکەی هەناســەیەکی تــازەی هەڵدەکێشــا، دوای چەنــد خولەکێک مەریەم پێی دەڵێت:

(ئەم شەو دەمەوێت خێرا دەست بە سێکس بکەین، چونکە ماوەیەکی زۆر لە تۆ دوور بووم).

هامون چەند پێکێکی تر دەخواتەوە و جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە، دواتر پێی دەڵێت:

- بڕو خۆت ئامادە بکە، ئێستا دێم...

پاشان مەریەمیش ئامادە دەبێت و دەچێتە سەر تەختی نووستنەکەیان، هامونیش خۆی ڕووت دەکات و بەرەو لای ئەو دەچێت، مەریەم کاتژمێرەکەی هامون لەدەست دەهێنێتە دەرەوە، دواتر دەست دەکەن بە سێکس ...

پاش چەند خولەکێک بەسەر سێکسی ئەم دووانە، مەریەم پرچەکەی لەنێو چاوەکانی لا دەبات و بە هامون دەڵێت:

- من لە ژیانم تەنیا لەگەڵ تۆ ئەوندە بە تام و چێژەوە سێکسم کردووە، بەڕاستی زۆر دڵخۆشم، گەر دەتەوێت پێکەوە هاوسەرگیری دەکەین...؟

- منیش هەروەها، هیوادارم هیچ کات بەبێ پرس بەجێم مەهێڵی، هەروەها دواتر بیر لە قسەکانی تۆش دەکەمەوە...

- دەزانی چییە هامون، ئێمە هەموومان تەمەنمان کورتە، گەر زەمەن لە ڕاستییەکانی ژیان ئاگادار بێت، لێمان تێکدەدات.

- بەڵێ، ڕاستە، ئێستا زۆر شادم لەگەڵ تۆ، ئەمە مانای وایە زەمەن هێشتا دەستی بە ئێمە نەگەیشتووە.

- شادی تەنیا مەکربازی مێشک و دەستە، بێدەنگ بە... خەریکە لە هۆش خۆم دەچم، لەبەر گەرمی لەشت...

چەند خولەکێک بەسەر سێکسی ئەم دووانەدا تێدەپەڕێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هامون گوێبیستی یەکێک لە ڕووداوەکانی ژیانی مەریەم بێت، هامونیش خەریکە گوێ بۆ قسەکانی دەگرێت کەم کەم خەوی لێدەکەوێت، مەریەم کە دەبینێت هامون خەوی لێ کەوتووە دەفتەرێک لە جانتایەکەی دەهێنێتە دەرەوە، دەست دەکات بە نووسین، سەرەتا بیر دەکاتەوە، پاشان دەچێتە سەر کورسیەک دادەنیشێت و خەریکی مەی خواردنەوە دەبێت، تا ئەوەی بە تەواوی سەرخۆش دەبێت، نیو کاتژمێر تێدەپەڕێت، ئەو هێشتا خەریکی نووسینە، دواتر دەچێتە نزیک پەنجەرەکە، دەبینێت لەو دیوی پەنجەرەی خۆیان فریشتەیەک و شەیتان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، شەیتان بە فریشتە دەڵێت:

(ڕەش و سپی تەنیا شتانێکن کە مرۆڤەکان دەیانبینن).

لەو کاتەدا فریشتەکە پێدەکەنێت و پێکەنین هەموو گیانی دادەپۆشێت، شەیتانەکەش بە پێکەنینی فریشتەکە مەست دەبێت.

مەریەم کە ئەم دیمەنە دەبینێت لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(ئێستا بزانم! هیچ جیاوازی شێت و عاشق نییە).

کە دەیەوێــت بگەڕێــتەوە ســەر جێگــایی دانیشــتنی، دەبینێــت ســێبەرەکەی لەسەر جێگایەکەی دانیشتووە، بە مەرییەم دەڵێت:

(کاتی ئەوە هاتووە کە خۆت لە خۆت ئازاد بکەی).

مەریەم: چــۆن دەتــوانم؟ کاتێــک دەســت و پێیەکــانم لەگەڵ یەکتــردا بەســتراون؟ بێــزار بــووم لەم هەمــوو ئایینــانەی کە لەســەر زەوی هەیە، هــیچ کامیــان ســوودی نەبــووە بــۆم، مرۆڤەکــانیش هەروا، دەمەوێــت لە دۆزەخــی ئەم خەڵــکە بچــمە دەرەوە، پاشــان بچــم بــۆ دۆزەخــی خــۆم، ئەوکــات هەورە ڕەشــەکانی دۆزەخــی مــن ئاســمانی ئەم خەڵــکە تاریــک بکات، پێم وایە کە ئێرە شوێنی من نییە.

مەریەم لە داخــی ئەوەی چــی بکــات خەوی لێناکەوێــت، پــاش چەنــد خولەکێــک دەچێــتە ســەرلێوارەکانی پەنــجەرەکە و خــۆی فــڕێ دەداتە خــوارەوە...! لەو کــاتەدا فریشــتەیەک دەســتی دەگرێــت و دەیبــات بــۆ ئاســمان، چەنــد مەترێــک بەرز دەبێــتەوە لە ئاســمان ئەو لە نووســین بەردەوامە، دواتــر دەفــتەرەکەی لە دەســت دەکەوێــتە خــوارەوە، ئەویــش دەچێت بەرەو ئاسمان.

هــامون کە لە خەوێکــی قوڵــدایە، لە خەوەکەیــدا خەریــکە دەفڕێــت بەرەو ئاســمان، کە زەوی بەجێــدەهێڵێت، نزیــک دەبێــتەوە لە حەفــت تەبەقەکەی ئاســــمان، دەچێــــت بەرەو تەبەقەی یەکەم، دەبینێــــت لەو هەســــارەیەدا هەرچــوار وەرزی ســاڵ هەورەکــانی ڕەشــن و هــیچ بارانێــک نابارێــت، لەو

شـــوێنەدا زۆربەی ئافرەتەکانیـــان هەر یەکەو چیـــایەکی گەورەی لەســـەر پشـتیان دانـراوە، هـامون وا دەزانێـت ئەمـانە هەموویـان ژنـانی ئەتلەسـن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان هەموویان دایک بوون.

ئەو هەســـــارەیەش بەجێــــدەهێڵێت و دەچێـــــت بـــــۆ تەبەقەی دووەم، ئەمجارەیـــان درەنگتـــر دەگـــاتە ئەو تەبەقەیە، لەو هەســـارەیەدا تەنیـــا پیـــاوێکی لـــێ دەژیـــا! ئەو پیـــاوەش خەریکـــی داربـــڕین بـــوو، هـــامون بـــۆ مـــاوەیەکی زۆر چـاودێری پیـاوەکە دەکـات، تـا ئەوەی لێـی نزیـک دەبێـتەوە و دەبینێـــت خەریکـــی دار بڕینـــی ســـێوێکە، پـــاش چەنـــد خولەکێـــک دار سـێوەکە دەبڕێـت و هەڵدەسـتێت بە دروسـت کردنـی خـوایەک بـۆ خـۆی، لەو خوایە دەپاڕێتەوە کە لە گوناهەکانی خۆشبێت.

دواتـــر ئەو هەســـارەیەش بەجێـــدەهێڵێت و دەچێـــت بـــۆ تەبەقەی ســـێیەم، لەو هەسـارەیەدا تەنیـــا مرۆڤێکـی لـێ دەژیـا، ئەویـش کەسـێکی شـێت بـوو، ئەو کەسە شێتە لەبەر خۆیەوە ئەم قسانەی دووبارە دەکردەوە:

(مـن هـیچ کـات حەزم نەکـردووە دوژمنەکـانم بناسـم، چـونکە دەزانـم هەمـوو هاوڕێیەکـانم لە دەسـت دەدەم...). لەو کـاتەدا هـامون دەمـی قوفـڵ دەبێـت و هیچـی بە هـزردا نـایەت، ئەو شـوێنەش بەجێـدەهێڵێت و دەچێـت بـۆ تەبەقەی چـوارەم، لە تەبەقەی چوارەمـــدا هەمـــوو مرۆڤەکـــان لەگەڵ یەکتـر دەجەنگـن، لە پێنـاو شـتێکدا! هـامون دەیەوێـت بزانێـت ئەو شـتە چییـــە؟! دەگەڕێـت و پیرەژنێـک دەدۆزێـتەوە، ئەویـش کەسـێکی سـاحیرە،

هــامون لەو پیــرەژنە دەپرسـێت بــۆچی ئەمــانە دەجەنگــن؟ ئەم جەنــگە لە پێناو چییە؟

پیــرە ژن: چەنــد ســاڵ پـێش ئێســتا، ئافرەتێـک لە نــاو دارســتاندا بەدوای خواردنــدا دەگەڕێــت، پاشــان دارسـێوێک دەدۆزێــتەوە و ژێــر دار سـێوەکە پــڕ بــوو لە سـێوی بــووگەنی(خراپ بــووی)، ئەویــش سـێوەکان هەڵــدەگرێتەوە، دواتـــــر لەگەڵ مێـــــردەکەی پـــــێکەوە دەیخـــــۆن، بەڵام هەردووکیـــــان سەرخۆش(مەســت)دەبن بە سـێوەکان، دواتــر دەسـت دەکەن بە کــاری خــراپە هەڵەکــردن لەســەر ئەم هەســارەیە، لەو ڕۆژەوە جەنــگ بەردەوامــی هەیە، لە نێــوان منــداڵەکانی ئەم خێــزانەدا تــا ئێســتا، هەنــدێک لە ئەوان وا دەزانـــــن ئەم هەڵەیە لەلایەن خـــــواوەیە! هـــــامون کە ئەم قســـــانە دەبیســـتێت، یەکســـەر ئەو هەســـارەیەش بە جێـــدەهێڵێت و دەچێــت بەرەو هەسارەیەکی تر.

واتە تەبەقەی پێنجەمـــی ئاســـمان، کە دەگـــات بە تەبەقەی پێـــنجەم، خـانووەیەک دەبینێـت کە بە کتێـب دروسـتکراوە، لەو خـانووەدا نووسـەرێکی لــێ دەژیــت، هــامون کە نزیــک دەبێــتەوە لە نووســەرەکە، پرســیاری ئەوەی لێدەکات کە چـی دەکات و بۆچـی بە تەنیا لێرە دەژیت؟

نووســەرەکە: مــن تەواوی کتێبەکــانی دونیــام لێــرە کــۆ کــردۆتەوە، بەڵام هیـــــچ لە کتێبەکـــــان بەتەواوی وەســـــفی "دایکیـــــان" نە کـــــرووە، لەو دونیــاییەی کە پێشــتر لــێ دەژیــام، تەنیــا باســی ڕاســتەکانی ژیــانم دەکــرد،

بــۆیە زۆربەی جـــار پێنووســـەکەم لە دەســـتم ڕای دەکـــرد، لەبەر ئەوەی وشـەکانم تـاڵ بـوون، چـونکە ڕاسـتی بـوون، بەڵام دواتـر منیـان زینـدانی کـرد بـۆ ئەم دونیایـــە، ئێســتا لێـرە دەژیـم و دەمەوێـت نووسـینەکانی کۆتـایم لەسـەر دایـک بێـت، دەتەوێـت کەمێـک لە نووسـینەکانم بـۆ تـۆ بخوێنمەوە؟

هامون: بەڵێ.

نووســەرەکە: (ئەم هونەرمەنــدانە بەڕاســتی دەســت ڕەنگیــنن، ئەو ڕێبــازەی بەکـــاردەهێنن بەتەواوی شــێوازێکی جـــوانە و زەحـــمەتە، بەڵام خەڵــکەکە بە شــێوەیەکی ســـانایی و ئاســـایی دەیبیـــنن، دایـــک ئەو خـــوایەیە کە مرۆڤەکـــان ئەویـــان لە بیـــر کـــردووە، خـــوایەک کە هەمـــوو ژیـــانی لەنـــاو قەفەسـێکدا بەسـەر بـردووە، لەو قەفەسەشـدا هەمـوو سـاڵەکانی ژیـانی بە بێـدەنگی تەواو کـردووە، مـن دەمەوێـت ئایینێـک هەبێـت بەنـاوی دایـک، چـونکە گەورەتـرین خـزمەت کە لەلایەن مـرۆڤەوە بە دەسـتمان گەیشـتووە ئەرکـی دایکایەتیـیە، چونکــە قورســترین و زەحمەتــرین ئەرکیــان لەســەر شـــانە، هەمـــوو پێغەمبەرەکـــان هـــاتوون و چـــوون، بەڵام دایکەکـــان بەردەوامن لە ژیان، دایک کوتایی نایەت...).

هامون بە گریانەوە تەبەقەی پێنجەم بە جێدەهێڵێت.

کە دەگـــاتە تەبەقەی شەشـــەم، ئەو هەســـارەیە بە تەواوی بـــارانی لێـــدەباری، لەو هەســارەیەدا پێــدەچوو بەرەکەتــی زیــاتر بێــت، بەڵام

خەڵــکەکەی هەموویــان نووســتبوون، تەنیـــا کــوڕە گەنجێــک نەبێــت، کە دەیویســـت "کەشـــتییەک" دروســـت بکـــات، هـــامونیش یـــارمەتی دەدات لە دروســت کردنــی، پــاش مــاوەیەک کەشــتییەکە تەواو دەبێــت و لەناکــاو توفـان دەسـت پێـدەکات، هەمـوو خەڵـکەکە ژێـر ئـاو دەکەون، تەنیـا هـامون و کــــوڕە گەنــــجەکە ڕزگاریـــــان دەبێـــــت، دوای تێپەڕبـــــوونی چەنـــــد کیلومەترێـــک، کەشـــتییەکی گەورە دێـــتە تەنیشـــتیان و پیاوێـــک لە کەشـــتییەکە دێـــتە دەرەوە، هـــاوار دەکـــات مـــن(نوح)م، پەیـــامبەری ئیلاهــی، دواتــر هــامون و کــوڕەکە تیــر بــاران دەکــرێن لە لایەن ئەو پیــاوەوە کە نــاوی "نــوح" بــوو، کەشــتیەکەی هــامون و کــوڕەکە بــن ئــاو دەکەوێت.

کە هـــامون هەڵدەســـتێتەوە دەبینێـــت لە جەزیـــرەیەک دایە، دەبینێـــت ســـندوقێکی بچـــوک لە تەنیشـــییەوە کەوتـــووە، کە بە ڕەنگـــی ســـوور نەخشـێنراوە، بەڵام قفلـدراوە و هـیچ کلیلێکـی لەگەڵـدا نیـیە...!! هــامون ناچارە گفتوگۆ لەگەڵ سندوقەکەدا بکات...

هامون: من تیناگەم!

سندوقەکە: لە چی؟

هامون: تۆ بۆچی لێرەی؟ بۆچی هیچ کلیلێکت لەگەڵدا نییە؟

ســـندوقەکە: کلـــیلەکەی مـــن لە لای ئەو کـــچەیە، کە لەســـەرزەمینی "سورییال" چاوت پێکەوتبوو.

هـــامون: نەخێـــر، ئەمە مەحـــاڵە... مـــن چـــوم بـــۆ بینینـــی ئەو شـــتانە کە بوونیـــان نیـــیە، بـــۆ ئەو شـــتانەش کە بوونیـــان هەیە وشـــەم نیـــیە، نامەوێـــت بمرم، مافی مردنم نییـــە...!

ســـــندوقەکە: مـــــرۆڤە تێگەیشـــــتووەکانی وەک خـــــۆت حەز نـــــاکەن بمـــــرن، چـــونکە نـــازانن دوای مردنیـــان چیـــان بەســـەر دێـــت و بـــۆ کـــوێ دەچـــن، ئێســـتا تۆ لە تەبەقەی حەوتەمی دونیادا دەژیت.

هامون: نـــا...

یەکســـــەر هـــــامون لەخەو هەڵدەســـــتێتەوە، دەبینێـــــت کـــــاتژمێر چـــــواری بەیـــانییە، چـــونکە زۆر مانـــدوو ببـــوو، زۆریـــش مەی خواردبـــووە، بە تەواوی ســـەر گێـــژە دایگرتبـــوو، تەماشـــا دەکـــات کەس لە ژوورەکەیـــدا نیـــیە! تەنیـــا خـــۆی نەبێـــت، بێـــدەنگییەکی ســـاماناک بـــاڵی بەســـەر شـــوێنەکەدا کێشـــابوو، نیشـــانەی ئەوە بـــوو کە ئاکـــامێکی خـــراپ بەڕێـــوەیە، ئەو وا هەســـت دەکـــات کە ڕووداوەکـــانی شـــەوەکە لەگەڵ مەریەمـــدا هەمـــووی خەون بـــوو، چـــونکە زۆر لە مێـــــژە مەریەمـــــی نە بینیبـــــوو، بەڵام لە ناکـــــاو جانتـــــایەکەی دەبینێـــت! دەچێـــت جـــل و بەرگەکـــانی لەبەر دەکـــات بـــۆ ئەوەی ڕێگـــا لە چـــونی مەریەم بگرێـــت، بـــۆیە لە بیـــری دەچێـــت "کـــاتژمێر"ەکەی بکـــاتە دەســـــتی، بەرەو ســـــەر شـــــەقام دەچێـــــت کە دەگـــــاتە بەردەم دەرگـــــایی باڵەخـــــانەکە، کەس دیـــــار نیـــــیە، هەنگاوێـــــک دەهاوێژێـــــت، دەبینێـــــت

دەفتەرێـــک لەژێـــر پێیەکانیـــدا کەوتـــووە و وێـــنەی خـــۆی لەســـەرە، کە دەیکاتەوە دەبینێت نووسراوە بۆ هامون، بەم شێوەیە دەستپێکرابوو:

(جـاری یەکەم کە تـۆم بینـی چەنـد سـاڵ پـێش ئێسـتا لە قوتابخـانەدا، هەسـتێکی ترسـناکم هەبـوو، دەمویسـت داوای خۆشەویسـتیت لـێ بـکەم، بەڵام بـۆم نەکـرا، مـن هـیچ کـات ڕووداوە ناخۆشـەکانی تەمەنـم لەبیـر نـاکەم، بەتـایبەت لەسـەردەمی قوتابخـانەدا بەتـایبەتی لەگەڵ مامۆسـتا ئاینییەکانـدا. ئەوەش بڵـێم مـن نەمـدەزانی تـۆ جـولەکەی، لەم چەنـد مـانگەی کۆتایـدا بـۆم دەرکەتبـوو، ئەویـش کاتێـک کە سێکسـمان پـێکەوە ئەنجامـدابوو، مەبەسـتم ئەوە نیـیە کە کێشـەم هەبێـت لەگەڵ جـولەکە بوونـت، نەخێـر بە هـیچ شـێوەیەک، ئەو ڕۆژەش کە لە مـاڵ نەبـووی یەکێـک لە وێنەکـانی تـۆم هەڵگـرت و کتێـبەکەی تـۆم خوێنـدەوە، بـۆیە تەواوی ڕووداوە گرنگەکـانی ژیـانم لەم دەفـتەرەدا بـۆ تـۆم باسـکردووە، زۆر شـەرمت لێـدەکەمەوە، چـونکە لەم مـاوەیەدا گەورەتـرین درۆم لەگەڵـدا کـردی، بـۆیە دەبێـت پێـت بڵـێم مـن دووگیـانم، خـۆێنی تـۆ لەگەڵ مـن تـێکەڵ بـووە، هەر لەبەر ئەوەشـە چەنـد ڕۆژێـکە هەسـتەکانم وەک تـۆ لێهـاتوون، هەروەهـا دەمویسـت کۆتـایی سـاتەکانی ژیـانم لەگەڵ تـۆدا تەواو بـکەم، ئێسـتا بە ئومێـدەکەم گەیشـتم، کاتێـک ئەم نووسـراوانە دەخـوێنیەوە مـن لە ئاسـماندام، حەز دەکەم لە بیـرم بـکەی)، لەش فرۆشەکەت"جولیا".

هــامون کە نووســراوەکان دەخــوێنێتەوە، زۆر تــوڕە دەبێــت و هەمــوو گیــانی لەکار دەکەوێت، دواتر دەکەوێتە سەر چوکەکانی و بە گریانەوە دەڵێت:

تــۆ بــێ تــاوانی، منــیش بــێ تــاوانم، گەر بگەڕێــیەوە دەچــین بــۆ جیهــانێکی ڕووناکتر، تکایـــــە...

* * *

چەنـــد ڕۆژێـــک بەســـەر ئەم ڕووداوە ناخۆشـــانەدا تێـــدەپەڕێن، هـــامون نووســـراوەکانی جولیـــا و ســـندوقەکەی هەڵـــدەگرێت و دەچێـــت بەرەو "هیندوســـتان"، بـــۆ بینینـــی یەکێـــک لە ڕاهیـــبە (بودیزمەکان)بوداییەکـــان، بـــۆ گەیشـــتن بە چیاکـــان دەبێـــت چەنـــد کاتژمێرێـــک ڕێگـــا ببڕێـــت، بـــۆ ســـەرکەوتن لە چیایەکـــانی ئەوان. کە دەگـــاتە ئەو شـــوێنە ڕاهیبێـــک دەبینێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، بە ڕاهیبەکە دەڵێت:

ئێـرە ئـاخرین شـوێنی مـنە، دەمەوێـت بـۆ خـۆم بسـەلمێنم، کە مـن لە کوێـوە هـاتووم و دەچـم بـۆ کـوێ؟ مـن هەمـوو شـتێکم لە دەسـت داوە تەنیـا نیکـۆ نەبێـــت، نـــازانم ئەم هەمـــوو بـــێ شانســـییە چییـــیە کە بە ڕووی منـــدا هـاتووە، بێگومـان ئەوە لە شـێوازە خراپەکـانی حیکمەتـی خـوایە بـۆ مـن، تـۆ پـێم بڵـێ ئەی ڕاهیـب، بـۆچی خـوا ئـێمەی دروسـت کـردووە بەڵام دەبێـت بمـرین؟ بـۆچی دەمـرین بـۆ ئەوەی لە ژیـانی داهـاتوودا بـژین؟ دەزانـم کە ئـێمە لە خـاک نـین! ئەگەر لە خـاک بـین ئەوا لەنـاو ئـاگردا ناسـوتێین و لەناو ئاودا شل دەبینەوە...

ڕاهیـب: دەبێـت هەناسـەیەکی قـوڵ هەڵبمێـژی، تـا بـزانم دەتەوێـت چـی بڵێی!

هـامون: تـۆ نـاتوانی فرێـوم بـدەی... هەمیشـە جانتـایەکی پـڕ لە وشـەم پێـیە و هەروەهـا مـن ئەو گەردەلـوولە شـێتەم، کە نـازانم بـۆ کـام شـوێن دەچم.

ڕاهیب: تێکەڵکردنی دوو ڕەنگ شتێکی بێ مانایە، چونکە دەبێتە هۆی لەناو چوونی دوو ڕەنگ لە پێناو یەک ڕەنگدا، بۆیە لە پێناو هەندێک شت نابێت هەموو شتێک لەناو ببەی.

هامون: هیچ شتێکم لەناو نەبردووە، بەڵکو ئەو شتانە وایان لە من کردووە لەناو بچم، دەزانی چییە؟ نازانم بۆچی ژیان ئاوایە؟ قەدەر بۆچی ئەوەندە بێ ڕەحمە؟! وا دادەنێم که هەموو شتێکم دۆزییەوە، دواتر بوم بە کەسێکی زۆر گەورە، هەموو دونیا من دەناسن، بەڵام دواتر چی؟ پاش مردنم و چەند ساڵێکی تر هەموو خەڵک لەیادم دەبەن، دواتر کەسێک پەیدا دەبێت لە من شارەزاتر، بەڵام جیاوازی من ئەوەیە کە خوام بینیوەوە، بەڵام خوای من جیاوازترە لە خوای ئەوانی تر کە لە دیینەکانی سەر زەوی باسکراوە، خوای من تەنیا هی منە، گرنگ نییە ئەم خوایە لە ئاسمان بێت یان لە ژێر زەوی یان لە هەوادا، دەزانم خوا ئازادی بە مرۆڤەکان داوە، ئەو دەیویست مرۆڤ نەمر بێت، بەڵام دواتر پەشیمان بووە، لە ڕێگەی شەیتانەوە ئێمەی فریودا، ئەمەی کە دەبینی دواهەمین نووسراوەکانی منن کە خەریکە دەینووسمەوە، دواتر لەنێو ئەم سندوقە دایدەنێم، ئێوەی ڕاهیبەکان تەنیا کەسانێک کە باوەڕ پێکراون لە لای من، بۆیە دەبێت ئەم سندوقە بگاتە دەستی نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێم کە ناونیشانەکەشم نووسیووە.

ڕاهیب: تو کەسێکی ئازادی لە بواری بیرکردنەوەدا، من دژایەتی قسەکانی تۆ ناکەم، بەڵام چی وای لە تۆ کردووە بیر لەم شتانە بکەیەوە؟

هامون کە نزیک دەبێتەوە لە شوێنێکی بەرز، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات:

دین، پارە، ناموس...

دواتر خۆی فڕێدەداتە خوارەوە.

من پێم وانییە ئەم چیرۆکە بەم ئاسانییە تەواو بووبێت، چونکە جولیا دەچێت بۆ ئاسمان و هیچ کات نەگەڕاوە، هامونیش هیچ کەس تەرمەکەی نەدۆزییەوە.

درەنگانی شەو بوو کە باوکم لەسەفەرەکە گەڕاوە، کاتێک هاتە ژوورەکەی من، بینی کە سندوقەکە کراوەتەوە و کتێبەکەی لەنێو دەستەکانم دایە، کە باوکم ئەو دیمەنەی بینی، دەستی بە گریان کرد، وەک منداڵێکی ساوا، دواتر چووە دەرەوە لە ژوورەکەم، چەند خولەکێکی پێ چوو، کە گەڕاوە بوتڵە مەشروبێکی لە جۆری"کونیاک"ی لە دەست بوو لەگەڵ جگەرەیەک، باوکم نەیدەزانی چۆن ئەوشتەی لەناو دڵی دایە پێم بڵێت، من پێم ووت:

باوکە بۆچی دەگریت؟

**باوکم ووتی: من دەمزانی تۆ ئەم سندوقە دەکەیتەوە، بۆیە تۆم هەڵبژاردبوو، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێت بڵێم نیکۆ کێیە؟ نیکۆ... نیکۆ من بووم، ئەو ناوە کوتکراوەی نیکۆلاس بوو.**

**بەردەوامی هەیە ...**



# The True Dreams

Husein Nadr